
دوکتور
قاسملوو
مرۆڤێک...


٤

یادێک
له
یادگارێک


٥

ڕێکخراوه
خوێندکارییه‌کان
و پرسی ...


٨

تیرۆری
ئاشتی،
تیرۆری...


٩

عه‌ره‌بستان
براوه‌ی
شه‌ڕی...


١٠


دابینکردنی مافه نه‌ته‌وایه‌تییه‌کانی گه‌لی کورد له چوارچێوه‌ی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیته‌ی ناوه‌ندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژماره ٥٨٥، شه‌ممه، ٣١ی پووشپه‌ڕی ١٣٩١، ٢١ی جوولای ٢٠١٢، ١٥٠تمه‌ن

www.kurdistanmedia.com


## کۆنترۆڵی شاره‌کانی کوردستانی سووریه که‌وته ده‌ست خه‌ڵک

دوابه‌دوای ئه‌وه‌ی که هێزه ده‌وڵه‌تییه‌کانی سووریه شاره کوردنشینه‌کانی «عێفرین» و «کووبانی»یان به‌جێ هێشت، به‌ڕێوه‌بردنی ئه‌م شارانه که‌وته ده‌ست لایه‌نه سیاسییه کورده‌کان.
به‌پێی ڕاپۆرتی ماڵپه‌ڕی «خه‌نده‌ان»، له شاری «کووبانی»ی ئۆستانی «حه‌له‌ب»، ئاڵای کوردستان له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تییه ده‌وڵه‌تییه‌کاندا هه‌ڵ کراوه.
هه‌روه‌ها به‌پێی ماڵپه‌ڕی «سبه‌ی»، شاری «عێفرین» به ته‌واوی که‌وتووه‌ته ژێر کۆنترۆڵی خه‌ڵك و لایه‌نه سیاسییه کورده‌کان و شاری «منبج» له ئۆستانی «حه‌له‌ب»یش که‌وتۆته ژێر کۆنترۆڵی ئه‌رته‌شی ئازادی سووریه.

## په‌یڤ

ئالان

### قه‌قنه‌سێک له خۆڵه‌مێشی زه‌رده‌شت

قه‌قنه‌س، باڵنده‌یه‌کی ئه‌فسانه‌یییه که به باوه‌ڕی پێشینه‌کان، ته‌مه‌نی تا هه‌زار ساڵ ده‌گات و کاتێك که واده‌ی کۆتایی ته‌مه‌نی دێت، له‌سه‌ر ترۆپکی به‌رزترین چیا ده‌نیشێته‌وه و به لێکدانی باڵه‌کانی ئاگر له جه‌سته‌ی خۆی به‌رده‌دات هه‌تاکوو خۆڵه‌مێشی داده‌مرکێته‌وه. به‌ڵام له خۆڵه‌مێشی ئه‌و، قه‌قنه‌سێکی دیکه سه‌ر هه‌ڵ ده‌دات.
ئه‌م ئوستووره‌یه زمانحاڵی ئه‌و مه‌زنه مرۆڤانه‌یه که له‌خۆبوردوویی، بووژانه‌وه و هه‌رمان له سیمای ئه‌واندا ڕه‌نگ ده‌داته‌وه و گه‌شه و مانه‌وه‌ی کۆمه‌ڵگا مرۆییه‌کان و به‌ها به‌رزه‌کان ده‌لوێنێ.
مێژووی سیاسیی گه‌لان ته‌ژی له‌و که‌ڵه مرۆڤانه‌یه که ژیان و مه‌رگیان، هه‌ر کامه و له جێگای خۆیدا، بۆته به‌ستێنێك بۆ ئافرانده‌وه‌ی ئه‌م ئوستووره حه‌ماسییه و درێژه‌پێدانی ڕه‌وتی گه‌شه و پێشکه‌وتنی کۆمه‌ڵگاکان، ڕێبه‌رانێك که به ڕاستی ده‌کرێ وه‌کوو «ڕۆحی نه‌ته‌وه» ناویان ببه‌ین، چوونکه هه‌رمانی نه‌ته‌وه‌کانیان له خۆبه‌ختکردن خۆیاندا ده‌دۆزنه‌وه و له خۆڵه‌مێشی یادیان، مه‌زنه مرۆڤه‌کانی دیکه وه‌کوو قه‌قنه‌س سه‌ر هه‌ڵ ده‌ده‌ن و ڕۆحی هه‌رمان و ژیان به به‌ر جه‌سته‌ی شوناسێکی مرۆییدا ده‌که‌ن که پێی ده‌ڵێن «نه‌ته‌وه».
دوکتور عه‌بدولڕه‌حمان قاسملوو، ڕێبه‌ری بێ وێنه‌ی گه‌لی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یه‌کێك له‌م مه‌زنه مرۆڤانه بوو که ژیانی خۆی ته‌رخانی به به‌رداکردنی ڕۆحی یه‌کڕیزی، هاوپێوه‌ندی و باوه‌ڕبه‌خۆبوون به جه‌سته‌ی که‌ڵه‌ڵا و ئه‌نگێوراوی گه‌لێکی سته‌ملێکراودا کرد که له قوژبنه تاریکه‌کانی دیپلۆماسیی سه‌ده‌ی بیسته‌مدا تامه‌زرۆی دیتنی تروسکه‌ی چرایه‌ك بوو تا هه‌بوونی خۆی بدۆزێته‌وه و به پساندنی کۆت و به‌ندی خۆبه‌که‌مزانین و هیوابڕاوی، ڕێگای سه‌ربه‌رزی و هاوشانی له‌گه‌ڵ گه‌لانی ئازاد و به‌خته‌وه‌ری سه‌رده‌م بگرێته‌به‌ر، گه‌لێك له تۆره‌مه‌ی زه‌رده‌شت و سمکۆ و قازی محه‌ممه‌د که ده‌یان جار له دێرسیم و ئاگری و چالدۆران و چوارچرا سه‌ری لێدرا و هه‌موو جارێك له خۆڵه‌مێشی قه‌قنه‌سه‌که‌ی، ڕۆحێکی نوێ هه‌ستایه‌وه و چرای زانایییه‌ك دره‌وشایه‌وه تا هه‌رمانی کوردستان و دوندی سه‌رکێشی چیاکانی له ژێر ته‌پوتۆزی غه‌در و خه‌یانه‌تی مێژوودا ون نه‌بێت.
قاسملوو قه‌قنه‌سێك بوو که له خۆڵه‌مێشی زه‌رده‌شت سه‌ری هه‌ڵێنا و هه‌ر وه‌ك قازی موحه‌ممه‌د، سه‌ری له پێناوی سه‌روه‌ری و ئازادیی نه‌ته‌وه‌که‌ی دانا، تاکوو به‌پێی وانه‌کانی پێشه‌وای مه‌زنی خۆی، له هه‌ر دڵۆپێکی خوێنی ئه‌و، هه‌زاران خه‌باتکاری ڕێگای ئازادی سه‌ر هه‌ڵێنن. له خۆڕا نیه که ئه‌مڕۆ ٢٣ ساڵ پاش تیرۆری ناجوامێرانه‌ی له لایه‌ن خوێنمژترین مرۆڤکوژانی سه‌رده‌مه‌وه، کیژه‌کوردێك له شه‌قامه‌کانی عامووده‌ای ڕۆژئاوای کوردستان، له سه‌ر پلاکاردێکی سپی وه‌ك دڵی پاکی خۆی، ناوی ئه‌و به گوێی مێژوودا ده‌چرپێنێ و ده‌خوێنێ: «شکۆ و هه‌رمان بۆ قاسملووی شه‌هید، شه‌رم و شووره‌یی بۆ بکوژانی قاسملوو».

# پاش ٢٣ ساڵ
# هه‌نووکه‌ش هزری قاسملوو تێشووی ڕێگای خه‌باته



له ٢٣هه‌مین ساڵوه‌گه‌ڕی تیرۆری دوکتور عه‌بدولڕه‌حمان قاسملوودا، ڕێبواران و ئه‌ڤینداران ئه‌ندێشه و ڕێبازی مرۆیی ئه‌م ڕێبه‌ره مه‌زنه‌ی نه‌ته‌وه‌ی کورد له شوێنه جیاجیاکانی جیهاندا به ڕێوڕه‌سمگه‌لی جۆراوجۆر، یادوبیره‌وه‌رییان به‌رز ڕاگرت.
له ڕێوڕه‌سمێکدا که به‌م بۆنه‌وه، ئێواره‌ی ڕۆژی پێنجشه‌ممه، ٢٢ی پووشپه‌ڕ له بنکه‌ی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران به‌ڕێوه چوو، به‌ڕێز ته‌یموور مسته‌فایی، ئه‌ندامی ده‌فته‌ری سیاسی، دوکتور قاسملووی وه‌کوو ڕێبه‌رێکی داهێنه‌ر، نوێگه‌را و ڕێئالیست ناو برد که له هه‌ر ڕێگه‌یه‌کی ئاشتیخوازانه‌ی لواو بۆ ده‌سته‌به‌ربوونی مافه‌کانی نه‌ته‌وه‌که‌ی که‌ڵکی وه‌رده‌گرت.
له‌م ڕێوڕه‌سمه‌دا که به سروودی نه‌ته‌وایه‌تیی «ئه‌ی ڕه‌قیب» و ڕاگرتنی خوله‌کێك بێده‌نگی بۆ گیانی پاکی شه‌هیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان ده‌ستی پێکرد، به‌ڕێز مسته‌فایی، حوزووری دوکتور قاسملووی له حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وکوو خاڵێکی وه‌رچه‌رخان له مێژووی حیزبی دێموکرات ناو برد. له به‌شێکی دیکه‌ی ڕێوڕه‌سمه‌که‌دا، به‌ڕێز فواد خاکی به‌یگی، سکرتێری یه‌کیه‌تیی لاوان، په‌یامی هاوبه‌شی یه‌کیه‌تییه‌کانی لاوان، ژنان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی به‌م بۆنه‌وه خوێنده‌وه.
هه‌روه‌ها له نێوخۆی کوردستانیشدا، ئه‌ندامان و لایه‌نگرانی حیزبی دێموکرات، سه‌ره‌ڕای زاڵبوونی که‌شوهه‌وایه‌کی توندی پۆلیسی و ئه‌منییه‌تی، به شێوه‌یه‌کی به‌رین چالاکیی ته‌بلیغاتییان به‌ڕێوه برد.
له شوێنه جیاجیاکانی کوردستان و جیهانیشدا، ڕێوڕه‌سمگه‌ل و سمینارگه‌لێك به‌م بۆنه‌وه به‌ڕێوه چوون که کورته‌ی هه‌واڵه‌کانیان له لاپه‌ڕه‌کانی ٢ و ٣ی ئه‌م ژماره‌ی «کوردستان»دا هاتوون.

## ته‌قینه‌وه‌کان ڕێژیمی سووریه‌یان وه‌له‌رزه خست

چوار به‌رپرسی پایه‌به‌رزی کاروباری ئه‌منییه‌تی و سه‌ربازیی ڕێژیمی سووریه ڕۆژی چوارشه‌ممه، ١٨ی جوولای له کاتی به‌شداری له کۆبوونه‌وه‌ی ڕێکخراوی ئه‌منییه‌تی نه‌ته‌وه‌یی ئه‌و ڕێژیمه، به هۆی ته‌قینه‌وه‌ی بۆمبه‌وه کوژران.
به‌پێی ڕاپۆرتی هه‌واڵده‌ریی فه‌ڕانسه، داوود ڕاجێحه، سه‌رۆك ئه‌رکان و وه‌زیری به‌رگری، سه‌رله‌شکه‌ر حه‌سه‌ن تورکمانی، ده‌ستیاری جێگری سه‌رۆك کۆمار و سه‌رۆکی کومیته‌ی قه‌یرانی سووریه، مه‌حموود ئه‌لشه‌عار، سه‌رۆك ئه‌رکان و وه‌زیری نێوخۆ، هێشام به‌ختیار، سه‌رۆکی ڕێکخراوی ئه‌منییه‌تی نه‌ته‌وه‌یی و هه‌روه‌ها ئاسێف شه‌وکه‌ت، زاوای به‌شار ئه‌سه‌د، جێگری سه‌رۆکی ستادی گشتیی ئه‌رته‌ش و پایه‌به‌رزترین به‌رپرسی ئه‌منییه‌تی سووریه له‌م ئۆپه‌راسیۆنه‌دا کوژراون.
ئه‌رته‌شی ئازادی سووریه به‌رپرسیاره‌تیی ئه‌م ته‌قینه‌وه‌ی وه‌ئه‌ستۆ گرتووه.
له هه‌واڵێکی دیکه‌دا، بێسام ئه‌لدادا، ڕاوێژکاری سیاسیی ئه‌رته‌شی ئازادی سووریه ڕایگه‌یاند، هێزه‌کانی ئه‌رته‌شی ئازاد ئێواره‌ی سێشه‌ممه‌ی ڕابردوو، کاروانی به‌شار ئه‌سه‌دیان که به‌ره‌و کۆشکی سه‌رکۆماری به‌ڕێوه بوو، کرده ئامانجی خۆیان.
هه‌ر له‌م کاته‌دا، به‌پێی ڕاپۆرتی ئه‌لعه‌ره‌بییه، فه‌رمانده‌یی ئه‌رته‌شی ئازادی سووریه هه‌واڵی ده‌ستپێکردنی ئۆپه‌راسیۆنی «ئازادسازیی دیمه‌شق» له ژێر ناوی «بورکانی دیمه‌شق و بوومه‌له‌رزه‌ی سووریه بۆ پشتیوانی له خه‌ڵکی حومس و ئه‌لمه‌یدان» ڕاگه‌یاند.
ئه‌رته‌شی ئازاد جه‌ختی کردووه‌ته‌وه که مۆره‌کانی حیزبوڵڵا، سپای پاسداران و گرووپه چه‌کداره عێراقییه‌کان و ڕێکخراوه فه‌له‌ستینییه‌کانی لایه‌نگری به‌شار ئه‌سه‌د له هه‌ر شوێنێکی سووریه‌دا بن، ئامانجی هێرشه‌کانی ئه‌م ئه‌رته‌شه‌ن.

## خرۆشی قاسملوو بووه هاواری کورده‌کانی سووریه

کورده‌کانی سووریه، تیرۆری دوکتور قاسملوویان مه‌حکووم کرد و یادوبیره‌وه‌ریی ئه‌و ڕێبه‌ره و هاوڕێیانیان به‌رز ڕاگرت.
کورده‌کانی سووریه که هاوکات له‌گه‌ڵ خه‌ڵکی دیکه‌ی ئه‌و وڵاته له خه‌بات دژی یه‌کێك له سه‌رکوتکه‌رترین ڕێژیمه‌کانی مێژووی مرۆڤایه‌تیدان، سه‌ره‌ڕای ئه‌و نرخه خوێناوی و تاقه‌تپڕووکێنه که خۆیان له‌م خه‌باته نابه‌رابه‌ره‌دا داویانه، هاوکات له‌گه‌ڵ ٢٢ی پووشپه‌ڕی ١٣٩١ی هه‌تاوی به وه‌ڕێخستنی ناڕه‌زایه‌تیی به‌رین و وتنه‌وه‌ی درووشمگه‌لێك دژی ڕێژیمی ئێران و به‌تایبه‌ت ئه‌حمه‌دی نژاد، وه‌فاداریی خۆیان به ئارمانه‌کانی دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگه‌یاند.
له‌م خۆپیشاندانانه‌دا که به بۆنه‌ی ٢٣هه‌مین ساڵوه‌گه‌ڕی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی له زۆربه‌ی شاره کوردنشینه‌کانی سووریه به‌ڕێوه چوو، کورده‌کانی سووریه به وتنه‌وه‌ی درووشم و هه‌ڵگرتنی پلاکارد، یادی ئه‌م ڕێبه‌ره شه‌هیده‌ی نه‌ته‌وه‌ی کوردیان به‌رز ڕاگرت.




له‌سه‌ر به‌شێك له پلاکارده‌کانی خۆپیشانده‌ران درووشمگه‌لێك وه‌ك «بکوژانی قاسملوو له ڤیه‌ن (١٩٨٩) هه‌مان بکوژانی خه‌ڵکی سووریه له تریسمه‌ن (٢٠١٢)»، «قاسملووی شه‌هید له دڵ و ویژدانماندایه، ئێمه خوازیاری دادگاییکردنی بکوژه‌کانین»، «شکۆ و نه‌مری بۆ شه‌هید قاسملوو و شه‌رمه‌زاری بۆ بکوژانی (ئه‌حمه‌دی نژاد)» نووسرابوون.

## چالاکی تەبلیغاتیی ئەندامانی حیزبی دێموکرات به بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٣هەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری ڕێبەری ناوداری کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بە شێوەیەکی بەرین چالاکیی تەبلیغاتییان بەڕێوە برد. ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی ئێران بە بڵاوکردنەوەی وێنەی دوکتور قاسملوو، تراکت و فایلی دەنگی و وێنەیی بەم بۆنەوە، نووسینی درووشمی شۆڕشگێڕانە و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ئاڵا بە ڕەنگی شینی ئاسمانی و هەروەها بڵاوکردنەوە وتە بەنرخەکانی شەهید دوکتور قاسملوو، وێڕای نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری لەگەڵ ئامانجەکانی دوکتور قاسملوو، کەشوهەوایەکی شۆڕشگێڕانە و نەتەوەییان بەسەر شار و گوندەکانی سەرانسەری کوردستان زاڵ کرد.

لێرەدا لەبەر زۆربوونی ناوی ئەو شوێنانەی کاری تەبلیغاتییان تێدا بەڕێوەچووە،



تەنیا ئاماژە بە ناوی شارەکان دەکەین کە بریتین لە: مەریوان، پاوە، نەغەدە، پیرانشار، ورمێ، بۆکان، کرماشان، مەهاباد، سەرپێڵی زەهاو، قەسری شیرین، سنە، ڕوانسەر، شنۆ، هەوشار، سەردەشت، سەلماس، میاندواو و سەقز. هەروەها لە چەندین شوێنی شاری تارانیش کاری تەبلیغاتی بە شێوەی بەرین بەڕێوە چووە.

## بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی ساڵیادی سەربەخۆیی ئەمریکا لە هەولێر

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی، دوانیـوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، لەسەر بانگهێشتی فەرمیی کونسوولگەریی ئەمریکا لە شاری هەولێر، لە ڕێوڕەسمی ٢٣٦ ساڵەی سەربەخۆیی ئەمریکادا بەشداری کرد.

بەڕێز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو لە وەزیر و کونسوولگەرییەکان لە هەرێمی کوردستان و کاربەدەستانی پایەبەرز بەشدارییان لە ڕێوڕەسمەکەدا کردبوو.

بەڕیز «ئالێکس لاسکاریس»، سەرکونسوولی گشتیی وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەسەر پیرۆزیی سەربەخۆیی ئەمریکا، کار و چالاکییەکانی کونسوولی ئەمریکا لە پێناو لێکنزیکبوونەوەی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان و پەرەدان و جێگیرکردنی دێموکراسی قسەی کرد.

هەروەها ناوبراو لەسەر قوربانیدانی نەتەوەی کورد و ڕۆڵی کارای نەتەوەی کورد بۆ جێگیرکردنی ئازادی، چەند قسەیەکی پێشکەش کرد و ناوی ڕێبەرانی مەزنی نەتەوەی کوردی وەکوو شێخ سەعیدی پیران، پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و مەلا مستەفا بارزانی وەکوو نموونە هێنایەوە. دواتر بەڕێز مەسعوود بارزانی وێڕای پیرۆزبایی لە کونسووڵ و خەڵکی ئەمریکا، وتارێکی پێشکەش کرد و ئاماژەی بە قوربانیدانی نەتەوەی کورد لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و بەرەوپێشچوونی دێموکراسی لە ناوچەکەدا کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا بەڕێز مستەفا هیجری چاوی بە بەڕیز مەسعوود بارازانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەروەها ژمارەیەك سەرکونسووڵ، لەوانە سەرکونسوولی ئەمریکا کەوت و پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەو بۆنەوە پێشکەش بە ئەمریکاییەکان کرد.

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لە یادی لەدایکبوونی سکرتێری پێشووی حیزبی شیووعیی کوردستان

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، دوانیوەڕۆی سێشەممە، ڕێکەوتی ٢٠ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، لەسەر بانگهێشتی فەرمیی حیزبی شیووعیی کوردستان، بەشداری لە ڕێوڕەسمی یادی ٩٠ ساڵەی لەدایکبوونی مامۆستا «کەریم ئەحمەد» تێکۆشەری دێرین و سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعی کوردستاندا کرد.

ئەو یادە بۆ ڕێزلێنان لە خەبات و تێکۆشانی بەڕیز کەریم ئەحمەد ڕێك خرابوو کە چەندین هێز و لایەنی سیاسی، ڕۆشنبیر و کەسایەتیی عێراقی و کوردستانی بەشدارییان تێیدا کرد.

لە بەشێك لە ڕێوڕەسمەکەدا، بەڕیز مامۆستا کەریم ئەحمەد وتارێکی پڕ لە سۆزی پێشکەش کرد و بە شانازییەوە وتی بە درێژایی خەباتی لە حیزبی شیووعی کە زیاتر لە سێ چارەکە سەدەیە، بۆ ساتێکیش پشتی لەو حیزبە و لە تێکۆشەرانی نەکردووە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، هەرکام لە هەیئەتەکانی بەشداربوو بە پێشکەشکردنی دیاری و چەپکەگوڵ بە بەڕێز کەریم ئەحمەد ڕێز و قەدردانیی خۆیان پێشکەش بەو کەسایەتییە کرد و دیاریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە لایەن بەڕیز حەسەن شەرەفییەوە پێشکەش بە مامۆستا کەریم ئەحمەد کرا.

## دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات: ڕێژیمی ئێران لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو بۆ سەر گیانی کەبوودوەند بەرپرسیارە

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بەیاننامەیەکدا داوای لە کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان کردووە، لە پێناو جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کەبوودوەند، گوشار بخەنە سەر ڕێژیمی ئێران. دەقی بەیاننامەکە بەم شێوەیە:

کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!

چالاکانی مافی مرۆڤ!

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بڵاو بوونەتەوە، زیاتر لە ٥٠ ڕۆژە کە محەممەدسدیق کەبوودوەند مانی لە خواردن گرتووە و لە نێو زیندانە تاریکەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، لەشی خۆی تووشی زیندانی و سنووردارکردنێکی دیکە کردووە تاکوو ڕۆحێکی ئازادتری هەبێ و ئەم مانگرتنەش تەنیا بۆ داواکارییەکی ساکاری وەکوو چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵەکەی بووە، بەپێی هەواڵەکان باری تەندروستیی بەڕێز کەبوودوەند بە تەواوی لە مەترسیدایە و گوایە بۆ نەخۆشخانەیەك گوازراوەتەوە و ئەگەری ڕووداوی تاڵ و نەخوازراوی لەمەترسیکەوتنی گیانی هەیە.

ئێمە داوا لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکی لایەنگری مافی مرۆڤ و ناوەندە نێونەتەوەییەکان دەکەین، کە گۆشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران تاکوو داوای ڕەوا و ساکاری بەڕێز کەبوودوەند جێبەجێ بکات و ڕێگە لە ڕوودانی شتێکی نەخوازراو بۆ مرۆڤایەتی بگیرێ.

هەر لێرەوە ڕادەگەیەنین کە هەر جۆرە مەترسییەك بەرەوڕووی لەش و گیانی بەڕێز محەممەدسدیق کەبوودوەند بێتەوە و هەر ئاکامێکی تاڵ و نەخوازراو بە دوای مانگرتنەکەیدا بێتە پێش، بەرپرسایەتییەکەی لە ئەستۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لەسەرووی هەموویانەوە، ڕێبەری ڕێژیمە و ئەوان بەرپرسیاری پاراستنی گیانی کەبوودوەند و هەموو زیندانییەکی سیاسین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٢٦ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی

## چەند ڕێوڕەسمی تایبەت بە ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی

### ڤانکۆڤێری کانادا

ڕێوڕەسمێك ڕێکەوتی ٢٥ی پووشپەڕ لە ڤانکۆڤێری کانادا بەڕێوەچوو کە بە سروودی نەتەوایەتی و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد و تێیدا پەیامی کۆمیتەی حیزب لە ڤانکۆڤێری کانادا، لە لایەن بەڕێز سمایل ئیبراهیمی خوێندرایەوە. دواتر چەند حیزبی کوردستانی و ئێرانی پەیام و برووسکەی خۆیان بۆ بۆنەوە خوێندەوە. لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا باسێك لەسەر کەسایەتی و ئاشتیخوازی و دێموکراتبوون و هەروەها تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملوو لە لایەن بەڕێز «مەحیەدین پاڵانی»یەوە پێشکەش کرا.

### دەڤەری «نیگارا»ی کانادا

ڕێوڕەسمێك ٢٥ی پووشپەڕ لە دەڤەری «نیگارا»ی کانادا بەڕێوەچوو. ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی هەرکام لە لایەنەکانی بەشداری ڕێوڕەسمەکە لە لایەن نوێنەرەکانیانەوە خوێندرانەوە. نوێنەری هەر کام لە پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بەرەی دێموکراتیکی گەلی ئەهواز، ڕێکخراوی فیداییان ئێران ـ زۆرینە، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمەکەدا بەشدار بوون.

### سوئێد

ڕێوڕەسمێك ڕێکەوتی ٢٤ی پووشپەڕ لە وڵاتی سوئێد بەڕێوەچوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی و ڕاگرتنی خۆلەکێك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. دواتر پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ سوئێد، لە لایەن بەڕێز مستەفا زارعی، بەرپرسی گشتیی کۆمیتەوە پێشکەش کرا. پاشان پەیامی کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسییەکانی کورد و کوردستانی لە لایەن بەڕێز «شەفیق کەیاوە»وە خوێندرایەوە و دواتریش پەیامی فێدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لـە لایـەن بـەڕێـز «سەلام جزیری»یەوە پێشکەش کرا. پەیامی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە لایەن «جەمیلە حەسەنخاڵی»یەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەدا هەرکام لە بەڕێزان «تاهیر عەلیار»، شارەزای مێژوو، «دوکتور عوسمان ئەیتار»، کۆمەڵناس و «دوکتور خەلیقی»، شارەزای فەلسەفە، کۆمەڵێك باسیان لەسەر چۆنیەتیی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کەسایەتیی دوکتور قاسملوو و مێژووی تیرۆریزمی ڕێژیمە دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، پێشکەش کرد. لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا خاتوو «نڤین حەساران» وەکوو نوێنەری ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. پاشان لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە سوئێد چەپکەگوڵێك بە مەبەستی ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڤییەن، پێشکەش بە بنەماڵەی شەهید «عەبدوڵڵا قادریئازەر» کرا کە لەلایەن بەڕێز «خاتوو ئەسمەر»ەوە وەرگیرا. دواتر چەند وتارێك لە لایەن بەڕێزان «ئیرەج مستاقی»، نووسەر و لێکۆڵەری سیاسی و «یوونس شاملی»، چالاکی سیاسیی نەتەوەی ئازەری پێشکەش کران.

## بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی نەتەوەیی فەڕانسە

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی، ڕێکەوتی ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، لەسەر بانگهێشتی فەرمیی کونسوولگەریی فەڕانسە لە شاری هەولێر، لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی نەتەوەیی فەڕانسە بەشداری کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا بەڕیز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو لە کونسووڵ و وەزیر و کاربەدەستانی حیزبی و حکوومی بەشدار بوون.



سەرەتـای ڕێوڕەسمەکەدا بە قسەکانی بەڕێز دوکتـور فرێدریك تیسۆ، سەرکونسوولی گشتیی فەڕانسە لە هەولێر دەستی پێکرد. ناوبراو وێڕای دەربڕینی خوشحاڵی و بەخێرهاتنکردنی میوانەکان، باسێکی لەسەر شۆڕشی فەڕانسە و چۆنیەتیی ئاشنابوون بە پرسی کورد کرد و گوتی: «من ٢٦ ساڵ لەمەوبەر بۆ کاری پزیشکی هاتمە کوردستان و لە نێو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا و لە ڕێگای دوکتور قاسملووەوە لەگەڵ پرسی کورد ئاشنا بووم» ناوبراو زیاتر لەسەر کەسایەتیی دوکتور قاسملوو دوا و گوتی: «من لە ساڵی ١٩٧٤ی زایینی لە بارەگای «مەلا مستەفا بارزانی» چاوم بە دوکتور بێرنارد کوشنێر کەوت و ئەویشم هەر لە ڕێگای دوکتور قسملووەوە ناسی و خۆشەویستیی من بۆ نەتەوەی کورد وای لێکردم پۆستی سەرکونسوولی فەڕانسە لە شاری هەولێر قەبووڵ بکەم».

پاشان بەڕێز مەسعوود بارزانی، وێڕای پیرۆزبایی لە کونسووڵ و نەتەوەی فەڕانسە، ڕۆڵ و کاریگەریی بەڕێزان فرانسوا میتران، سەرکۆماری پێشووی فەڕانسە و دانیەڵ میتران، دۆستی دێرینی نەتەوەی کوردی بەرز نرخاند و دوکتور فریدریك تیسۆی وەکوو پێشمەرگەی کوردستان ناو برد»

لەو ڕێوڕەسمەدا بەڕێز مستەفا هیجری و شاندی یـاوەری، چاویان بە چەندین کەسایەتیی حیزبی و حکوومی کەوت و هەیئەتی حیزب پیرۆزبایی گەرمی حیزبی پێشکەش بە کونسوولی فەڕانسە کرد.

## دیداری دوو شاندی حیزبی دێموکرات و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب، ڕێکەوتی ٢٩ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، سەردانی مەکتەبی سیاسیی «یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان»یان کرد و لە لایەن شاندێکی ئەو حیزبەوە بە سەرپەرستیی بەڕێز مامۆستا محەممەد فەرەج، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامییەوە، پێشوازییان لێکرا.

بەڕێز مستەفا هیجری زۆر بە گەرمی پیرۆزبایی تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرەی یەکگرتووی ئیسلامی و هەڵبژاردنی مامۆستا محەممەد فەرەج بە ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی کرد و سەبارەت بە بارودۆخی ناوچە، ئاڵوگۆڕەکانی دوای بەهاری عەرەبی، بارودۆخی نالەباری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە بواری گرانی و بێکاری، بارودۆخی ڕێژیمی ئێران لە دونیای دەرەوە و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و ئاستەنگەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم ئێران و کێشەکانی بەردەم کورد لە کوردستانی ئێران دوا و لێکدانەوە و ڕۆڵ و کاریگەریی هەرێمی کوردستان لە بارودۆخی عێراقی بەرز نرخاند.

دواتر مامۆستا محەممەد فەرەج، وێڕای سپاس و دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لە سەردانی بەڕێز مستەفا هیجری و شاندی هاوڕێی، وێڕای پەسندی بۆچوونەکانی بەڕێز هیجری، ڕوانگە و بۆچوونی خۆی سەبارەت بە پرسە سیاسییەکان خستە ڕوو و لەسەر بردنەپێشی سیاسەتی هەنووکەیی خۆیان لە هەمبەر کێشە و پرسە پێوەندیدارەکانی بارودۆخی کورد و عێراق، پێداگری کردەوە و بە خۆشحاڵییەوە باسی لەو ئاڵوگۆڕانە کرد کە بەسەر ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لە ناوچەکەدا هاتوون. پاشان هەردوو لایەن، لەسەر پتەوترکردنی پێوەندیی نێوانیان پێداگرییان کردەوە.

## سەردانی چەندین کەسایەتی ڕووناکبیر و سیاسی لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات

بەڕێز «د.مووسا کاڤال»، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین و کەسایەتی سیاسی، بە هاوڕێیەتی «شاکر ئەپ ئوجەمیر»، نووسەر و «نێچیروان جزیری»، کەسایەتی سیاسی، سەرلە بەیانیی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٧ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی پێشوازییان لێکرا.

لەم دانیشتنەدا، دوایین ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە بارودۆخی ناوچە و هەروەها ئاڵوگۆڕەکانی کوردستانی تورکیە و ئێران کەوتنە بەرباس و لێکدانەوە و هەیئەتی میوان بە ڕێزەوە باسیان لە سیاسەت و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات کرد.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران**

# ڕێوڕەسم و سمینارەکانی تایبەت بە ٢٣هەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی

## بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات . کۆیە

٢٢ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێك لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب و ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب بەڕێوە چوو.



سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن بەڕێز تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا. «گریانێکی شین» ناوی پارچەشیعرێك بوو کە لە لایەن خاتوو بەهار حوسێنی خوێندرایەوە. دواتر پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان، خوێندکاران و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن بەڕێز، فواد خاکیبەیگی، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خوێندرایەوە. خاتوو گوڵباخ بەهرامی، پارچەشیعرێکی بە ناوی «ئەی قاسملوو، ئەی هەمیشە ڕێبەر»، پێشکەش کرد. «لاندك و دستار» ناوی پارچەشیعرێك بوو کە لە لایەن بەڕێز جەعفەر موبەشێرنیاوە پێشکەش کرا. شایانی باسە لە نێوئاخنی بەرنامەکاندا، چەندین سروودی شۆڕشگێڕانە و تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ پێشکەش کران.

## گۆڕستانی پێرلاشێز . پاریس

ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ ڕۆژی ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی لە گۆڕستانی «پێرلاشێز»ی پاریس بە بەشداریی خاتوو نەسرین قاسملوو، هاوسەری دوکتور قاسملوو، سەدان کەس لە کوردانی دانیشتووی وڵاتەکانی فەڕانسە، سوئیس و بێلژیك و هەروەها بەشێکی بەرچاو لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکان و کەسایەتییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە سەرەتا لە بەردەرکی گۆڕستانی پێرلاشێزەوە بە ڕێپێوانی ئامادەبووان بەرەو گڵکۆی شەهیدان، دوکتور قاسملوو و عەبدوڵلای قادری ئازەر دەستی پێکرد. پاشان بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە بە دانانی تاجەگوڵینە، وەفاداری و ئەمەگناسیی خۆیان بە ڕێبازی دوکتور قاسملوو و شەهیدانی ڕێگای رزگاری نیشان دا.

دواتر نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، بەڕێز شاهۆ حوسێنی، لە پەیامێکدا وێڕای بەخێرهێنانی بەشداران، باسی کارەساتی تێرۆری ڤیەنی کرد. بەڕێز شاهۆ حوسێنی هەروەها لە سەر ژیان و خەباتی دوکتور قاسملوو و ڕێبازەکەی بە وردی دوا.

پاشان خاتوو خەمان زورار، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەڕانسە لە پەیامێکدا ئاماژەی بە باوەڕی دوکتور قاسملوو بە دێموکراسی و چارەسەریی پرسی کورد لە ڕێگەی دانوستان و گفتوگۆوە کرد.

دواتر پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە فەڕانسە، لە لایەن بەڕێز جەماڵ پوورکەریم، سەرپەرەستی کۆمیتەی حیزب لەو وڵاتە پێشکەش کرا. پاشان بەریز کەماڵی زادە وەکوو کەسایەتییەکی سیاسی چەند وتەیەکی پیشکەش کرد کە تێیدا باسی کەسایەتیی بەرزی دوکتور قاسملوو و ڕۆڵی ئەو ڕێبەرە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورددا کرد. بەڕێز ژینا مێنبەری پەیامی یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە بێلژیکی پیشکەش کرد.

لە کۆتاییدا، بەشدارانی ڕێوڕەسمی یادی ٢٣ ساڵەی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو، بەرەو گڵکۆی شەهیدانی میکۆنووس، شەهیدان دکتوور سادقی شەرەفکەندی، هومایوونی ئەردەڵان و فەتاحی عەبدولی وەڕێ کەوتن و تاجەگوڵینەی ڕێز و وەفایان لەسەر مەزاری ئەو شەهیدانە دانا و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

## هەولێر

سمینارێك لە ڕێکەوتی ١٤ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو. سمینارەکە بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان بەڕێوە چوو.  لە سمینارەکەدا، بەڕێز قەرەنی قادری، ڕۆژنامەڤان بابەتێکی لە ژێر ناوی «دوکتور قاسملوو و تیرۆریزمی دەوڵەتی» و هەروەها بەڕێز پەرویز ڕەحیم قادر، مامۆستای زانکۆ وتارێکی لە ژێر ناوی «قاسملوو و مۆدێڕنیتە» پێشکەش کرد.

## شاری کەلار

سمینارێك لە ڕێکەوتی ٢٣ی پووشپەڕ بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری کەلار بەڕێوەچوو. لەم سمینارەدا سەرەتا بەڕێز هەژار ڕەحیمی، مامۆستای زانستگا لەمەڕ بیری ناسیۆنالیستی دوکتور قاسملوو بۆ بەشداربووان دوا. پاشان بەڕێز رامبود روتفپووری، کادری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر ڕەهەندی شۆڕشگێڕانەی خەبات و ژیانی دوکتور قاسملوو بابەتێکی پێشکەش کرد.

## سلێمانی

سمینارێك لە لایەن نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە شاری سلێمانی و ناوەندی ١ی کوردستان لە شاری سلیمانی بەڕێوەچوو.

ئەم سمیناره بۆ بەڕێزان، بێهزاد خوشحاڵی و سەعید ساعیدی پێکهاتبوو. سمینارەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کوردستان دەستی پێکرد. دواتر هەرکام لە بەڕێزان «بێهزاد خوشحاڵی»، لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووس و «سەعید ساعیدی»، ڕۆژنامەڤان و چالاکی سیاسی، لە پێوەندی لەگەڵ تایبەتمەندی و روانگە هزرییەکانی دوکتور قاسملوو بۆ بەشدابووان دوان.

## سەر گۆڕستانی شەهیدان . کۆیە

لە ڕێپێوانێکی هاوبەشدا، کۆمەڵێك لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمیتەی زاگرۆسی حیزبی دێموکرات، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، چوونە سەر گۆڕستانی شەهیدان لە شاری کۆیە. لە سەرەتادا سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» لە لایەن بەشدارانی ڕێپێوانەکەوە خوێندرایەوە و تاجەگوڵینەی ڕێز و ئەمەگناسی لەسەر گڵکۆی شەهیدان دانرا. دواتر بەڕێز حیسام ئەحمەدی، جێگری سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان ئێران، چەند وتەیەکی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد.

## ناوەندی ١ی کوردستان

ڕێوڕەسمێك بە بەشداریی بەڕێز تاهیر کەسیلی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پەرپرسی ناوەندی ١ی کوردستان و کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان و هەروەها کۆمەڵێك لە ئەندامانی حیزب ڕێکەوتی ٢١ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی لە ناوەندی ١ی کوردستان بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی ناوەندی ١ی کوردستان لە لایەن بەڕێز تاهیر کەسیلییەوە خوێندرایەوە. لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی هاوبەشی کۆمیتەکانی ژنان و لاوانی ناوەندی ١ی کوردستان لەلایەن بەڕێز بەهار ڕۆستەمییەوە خوێندرایەوە. لە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکدا چەندین سروود و پەخشان لە لایەن هونەمەندان و شاعیرانەوە پێشکەش کرا.

## ناوەندی ٣ی کوردستان

ڕێوڕەسمێك ڕێکەوتی ٢٠ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی لە ناوەندی ٣ی کوردستان، بە بەشداریی بەڕێز سەدیق دەرویشی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی ناوەندی ٣ی کوردستان و ژمارەیەك لە کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی ناوەندی ٣ی کوردستان لە لایەن بەڕێز سەدیق دەرویشییەوە پێشکەش کرا. پاشان شیعرێك لە ژێر ناوی «قاسملوو کەڵەگەتتر لە چاوەڕوانی» لە لایەن بەڕێز «حوسێن حەسەننیا»وە خوێندرایەوە. لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی یەکیەتیی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن بەڕێز یوونس گاگەشی خوێندرایەوە. «یادی هەتاو» ناوی شیعرێك بوو کە لە لایەن بەڕێز «قادر کەریمی» پێشکەش کرا.

## واشینگتۆن . ئەمریکا

کۆڕیادێك ڕێکەوتی ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستان لە واشینگتۆنی ئامریکا بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. دواتر نووسەری پەرتووکی «خولیا و مەرگی رەحمانی کورد»، کارۆل پرۆنهۆبێر، وتارێکی سەبارەت بە ژیان و خەبات و چۆنیەتیی تیرۆری دوکتور قاسملوو پێشکەش کرد.

پاشان پرۆفسۆر «ئیڤان ساسچا شیهان» لە بەشی پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی زانینگەی باڵتیمۆر، لەسەر چەند تەوەر، لەوانە بەهێزترکردنی دەنگی دژبەرانی ڕێژیمی ئیسلامی لە جیهان بەگشتی و لە ئەمریکا بەتایبەتی قسەی کرد. پاشان «ڕێیان مەیرۆ»، لێکۆڵەری ئاسایشی نەتەوەیی لە تەلەفزیۆنی «فاکس نیووز»، سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەریی ڕێژیمی ئێران لە پەرەپێدانی تیرۆریزم و تیرۆریزمی دەوڵەتی و مەترسیی ئەو ڕێژیمە بۆ سەر ئاسایشی ناوچە و جیهان چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، بەڕێز «کاترین کامێرۆن»، بەرپرسی ئەنجوومەنی ڕێبەریی مافی مرۆڤ، سەبارەت بە پێشێلکرانی مافی نەتەوەکانی ئێران بەگشتی و مافی کوردان بە تایبەتی دوا. لە بڕگەیەکی دیکەدا، بەڕێز «ڕەحیم رەشیدی» لە لایەن ڕێکخراوی ئەنجوومەنی ڕێبەریی مافی مرۆڤ، سەبارەت بە بیر و ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو قسەی کرد. دوکتور «ئەردەلان فەرەجی» بە نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی ناوەندی کوردی، سەبارەت بە گرینگیی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئەمریکا و بەشداریی کوردان لەو هەڵبژاردنانەدا بۆ بەشداربووان دوا. لە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا چەندین سروودی شۆڕشگێڕانە پێشکەش کران.

## دانمارک

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێکەوتی ٢٥ی پووشپەڕ، سمینارێکی بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسی و مەدەنییەکان، لە شاری «ئالبوورگ»ی دانمارك بەڕێوە برد. سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. لەو ڕێوڕەسمەدا بەڕێز ئیبراهیم لاجانی سەبارەت بە خەبات و ڕێبەری و کەسایەتیی دوکتور قاسملوو بۆ بەشداربووان دوا.

## شاری رانیه

ڕێوڕەسمێك ڕێکەوتی ١٩ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی لە شاری رانیه بە بەشداری بەڕێز عومەر غولامعەلی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی ناوەندی ٢ی کوردستان و ژمارەیەك لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب لەو شارە بەڕێوەچوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، دەستی پێکرد و دواتر بەڕێز غولامعەلی پەیامی ناوەندی ٢ی کوردستانی پێشکەش بە بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە کرد. دواتر پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران خوێندرایەوە. لە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا چەندین سروود لە لایەن کۆڕی هونەری حیزب و چەندین شیعر و پەخشان لە لایەن بەڕێز «چەنگیز سیگارچی»یەوە پێشکەش کرا.

## زانکۆی کۆیە

سیمنارێك لە لایەن یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ناوەندی ٢ی کوردستان، ڕۆژی یەکشەممە، ١٨ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، لە کۆلیژی یاسای زانکۆی کۆیە، بە بەشداریی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو. سەرەتای سمینارەکە بە راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان عەلی مونەزەمی، خاوەنی بڕوانامەی ماستەر، لە وڵاتی نورویژەوە لە ڕێگای سکایپەوە باسێکی تێروتەسەلی لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی سیمای دوکتور قاسملوو وەکوو ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو و بلیمەت و دێموکرات پێشکەش کرد. دواتر دوکتور کەیوان ئازاد ئەنوەر، مامۆستای مێژووی زانکۆی سلێمانی رەهەندە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتیی دوکتور قاسملووی وەکوو ڕێبەرێکی بێ‌هاوتا لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازانەی کوردستاندا خستە بەرباس. پاشان دوکتور هۆشمەند عەلی مەحموود، مامۆستای مێژووی زانکۆی کۆیە باسێکی لەسەر ڕۆڵ و کاریگەریی دوکتور قاسملوو لە وەرچەرخانی مێژوویی بزووتنەوەی کورد و ناساندنی دۆزی رەوای ئەم گەلە بە دونیای دەرەوە پێشکەش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی سمینارەکەدا، یەکیەتیی خوێندکاران خەڵاتی ساڵانەی قاسملووی وەکوو ڕێزلێنان بەرانبەر بە وەفاداریی دوو پێشمەرگەی ڕێبازی دوکتور قاسملوو، پێشکەش بە ئەحمەد سونبولی (کاك قوەت) و هەڵمەت کەماڵی کرد کە خەڵاتەکانی ئەم بەشە لە لایەن بەڕێز مستەفا هیجرییەوە دابەش کران. لە کۆتاییدا لەوحی ڕێزلێنانی یەکیەتیی خوێندکاران بەو ئەندامانە پێشکەش کرا کە ئەمساڵ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا، خوێندنیان بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە.

## فینلاند

٢٤ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، کۆڕیادێك بە بەشداریی بەڕێز کەریم پەرویزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕێگای ئینتێرنێتەوە هاوکات لە دوو شاری جیاجیای وڵاتی فینلاند بەڕێوە چوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پەیامی هاوبەشی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ فینلاند و یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن بەڕێزان شەهین سوڵتانی و فازڵ سوڵتانپەنا پێشکەش کران.  پاشان پەیامی لایەن و هێزە سیاسییەکان پێشکەش کران. پاشان بەڕێز پەرویزی لە ڕێگەی «سکایپ»ەوە بەشداریی کۆڕیادەکە بوو و باسێکی لە پێوەندی لەگەڵ ئەندێشەی سیاسی و مرۆیی دوکتور قاسملووی ڕێبەر پێشکەش کرد. لە بڕگەیەکی دیکەدا ڤیدیۆی «لە ئەفسانەوە بۆ واقیع» سەبارەت بە مامۆستای دێموکراسی پیشان درا. لە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا چەندین سروود و پارچە مووزیکی شۆڕشگێڕانە پێشکەش کران.

## سویس

٢٤ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێك لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ سویس بە بەشداریی ژمارەیەك لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە سویس بەڕێوەچوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پەیامی کۆمیتەی گشتیی حیزب لە وڵاتی سویس لە لایەن بەڕێز نامدار سەفەری، بەرپرسی گشتیی کۆمیتەوە خوێندرایەوە. پاشان میوانی تایبەتیی بەرنامەکە، بەڕێز سدیق بابایی، چالاکی سیاسی، سەبارەت بە ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە خەبات و شۆڕشی نەتەوەی کورددا باسێکی پێشکەش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەدا فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ژیانی سیاسی و تیرۆری دوکتور قاسملوو پێشکەش کرا و دواتریش پەیامی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە لایەن بەڕێز هیوا سەلیمییەوە خوێندرایەوە.

لە کۆتاییشدا پەیامی تەڤگەری دێموکراتیکی کوردستان لە لایەن بەڕێز ڕەفعەت و هەروەها ژیاننامەی شەهیدی نەمر کاك «عەبدوڵلا قادریئازەر» لە لایەن بەڕێز ئەحمەد حەمزەوە خوێندرانەوە.

## لیلەسترۆم . نوروێژ

سەرەتای کۆڕیادی ٢٢ی پووشپەڕ لە لیلەسترۆم، بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران ـ نۆرویژ لە لایەن بەڕێز مەنسوور عەزیزییەوە خوێندرایەوە. پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی لاوان، ژنان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمیتەی کۆمەڵەی کولتووریی کورد لە نورویژ لە لایەن بەڕێز مونیرە جیهانییەوە خوێندرایەوە. بابەتێك لە ژێر ناوی «دیپلۆماسی و ڕۆڵی ڕێبەری لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا» لە لایەن بەڕێز «ئەنوەر کوهەنساڵ» و هەروەها بابەتێکی دیکە بە ناوی «بەڕێوەبەری، ئاوێنەی کرداری دوکتور قاسملوو» لە لایەن بەڕێز جەمیلەدین ئەحمەدییەوە پێشکەش کرا. لەو سمینارەدا یادی شەهیدی ڕێبەر «کاك سەید سەلامی عەزیزی»، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بەرز راگیرا.

# تەیموور مستەفایی: دوکتور قاسملوو مرۆڤێک بوو کە هەم داهێنەر بوو و هەم نوێگەرا بوو

## دەقی وتەکانی بەڕێز تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە ٢٣هەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانیدا




خۆشك و برایانی بەڕێز!
بەشداربووانی بەڕێز!

بەخێر بێن بۆ كۆڕیادیی ٢٣هەمین ساڵیادی تێرۆركردنی ڕێبەری مەزن، دوكتور قاسملوو و هاوڕێیانی.

كۆبوونەوەمان هەموو ساڵێك لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوكتور قاسملوو، لە ڕاستیدا بۆ پێداهەڵگوتن بۆ دوكتور قاسملوو و ئەوەی كە پێی دەڵێن فەردپەرەستی نیە، بەڵكوو دوكتور قاسملوو لە كاتی حەیاتی خۆیدا كەسێك بوو كە موخالفی فەردپەرەستی بوو. ئەگەر وایە، كۆبوونەوەمان لێرە بە دوو مەبەستە. مەبەستی یەكەم ئەوەیە كە لەگەڵ گیانی پاكی ئەو شەهیدانە پەیمان نوێ بكەینەوە كە ڕێبازەكەیان درێژە پێ بدەین و تا گەیشتن بە ئامانجەكانیان لە خەبات كۆڵ نادەین. مەبەستی دووهەم لە كۆبوونەوەی ئێمە لە ئەم كۆڕانە و لەم یادمانانە ئەوەیە كە بیر و هزری دوكتور قاسملوو، وانەكانی دوكتور قاسملوو، هەر جارە لە كۆڕیادەكاندا گۆشەیەك یان دووگۆشەیەكی باس بكەین بۆ ئەوەی كە هاوڕێیانی پێشوو و ئەو هاوڕێیانەی كە ساڵهای ساڵە لە خەباتدان، وەبیریان بێتەوە و لاوانی تازە پەیوەستبوو بە ڕیزی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانیش بیكەنە توێشەی ڕێگەی خەباتیان و لەو پەند و دەرسانە كەڵك وەربگرن.

ئەگەر بمانهەوێت باس لە بیر و بۆچوونەكانی دوكتور قاسملوو بكەین، لە ڕاستیدا بیروبۆچوونی دوكتور قاسملوو بیروبۆچوونێكی فرەڕەهەند و فرەلایەنە و بە وتارێك و لە چوارچێوەی كۆڕ و سمینارێكدا ناتوانین باس لە هەموو ڕەهەندەكانی بكەین.

لێرەدا لە دوو ڕوانگەوە باس لە ڕێبازی دوكتور قاسملوو یان بیروبۆچوونەكانی دوكتور قاسملوو دەكەین.

یەكەم ڕەهەند، ڕەهەندی داهێنان و نوێگەرایی:

دوكتور قاسملوو، مرۆڤێك بوو كە هەم داهێنەر و هەم نوێگەرا بوو. ئەگەر بە نموونە باسی گەڕانەوەی دوكتور قاسملوو لە ساڵی ١٣٤٩ و زیندووكردنەوەی حیزبی دێموكرات لەو كات و ساتەدا بكەین، دەتوانین بڕۆین بۆ ئەو گۆشەنیگایەی كە دوكتور قاسملوو چۆن هەوڵ دەدا بۆ نوێخوازی و داهێنان. ئەو كاتەی دوكتور قاسملوو دەگەڕێتەوە، حیزبی دێموكرات ئەوەی كە پێی دەڵێن ناوێكی گەورە و ماڵێكی وێران بوو. ئەم حیزبە لەو ماوەیەدا لە ماوەی چەند ساڵی پێش هاتنەوەی دوكتور قاسملوو لە ڕاستیدا لە ڕێبازی خۆی دوور كەوتبوو، ئەفكار و بیروبۆچوونی جۆراوجۆر نفووزیان كردۆتە نێو حیزبی دێموكرات و حیزبی دێموكرات لە ڕاستیدا تەنیا ناوەكەی ماوە. بەڵام هاتنەوەی دوكتور قاسملوو و كۆكردنەوەی هاوڕێیانی حیزبی و دانانی بەرنامە و ئەساسنامە، دانانی كەلاسی كادر، دەركردنەوەی جارێكی دیكەی ڕۆژنامەی كوردستان گیانێكی تازە دەبەخشێ بە حیزبی دێموكرات و حیزبی دێموكرات دەبووژێنێتەوە. بووژانەوەی حیزبی دێموكرات لەو كات و ساتەدا، نوقتەگۆڕانێكی زۆر گرینگە لە ژیانی حیزبی ئێمەدا. بەڵام ئەم بووژانەوەیە ناتوانێ تەواوی ئەو ویست و داخوازییە كە دوكتور قاسملوو مەبەستیەتی، بێنێتە دی. بۆیە دوكتور قاسملوو درێژە بەو ڕەوتە دەدا، واتە ڕێكخستنەوەی حیزب لە باری فیكرییەوە، چوون ئەو سەردەمە كە دوكتور قاسملوو دەگەڕێتەوە بۆ حیزبی دێموكرات، توودەییەكان نفووزێكی زۆریان تێدایە و لە لایەكی دیكەوە لە ژێر چاوەدێری بیروباوەڕی ناسیۆنالیستیدایە. دوكتور قاسملوو بە دانانی بەرنامە و ئەساسنامە، بە دانانی كەلاسی كادر و بە دەركردنی ڕۆژنامەی كوردستان سەعی دەكات كە گیانێكی تازە بدات بە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران. لە درێژەی ئەو ڕەوتە، تەماشا دەكەین كە لە ساڵەكانی دوایی و لە كۆنگرەی سێهەم سوسیالیسم دێنێتە بەرباس، ئەو سوسیالیسم ـ دێموكراتیكە كە لە ساڵی ١٣٦٢ پەسەندی كرد لە واقێعدا لە پرۆسەیەكدا تێپەڕی تا گەیشتە ئەو قۆناغە كە لە ساڵی ١٣٦٢ پەسند كرا. ئەگەر ئاوڕێك بە ئەو ئامانجانەی كە حیزبی دێموكرات لە ساڵیانی پێشوو بوویەتی بدەینەوە، دەبینین لە كۆنگرەی سێهەم سوسیالیزم، سوسیالیزمی عادڵانەیە. لە كۆنگرەی چوارەمدا كە نفووزی توودەییەكان زۆرە، لەو كونگرەیەدا دەبێتە سوسیالیزمی عیلمی. بەڵام هەر لەم كۆنگرەیەدا دوكتور قاسملوو سەنەدێكی دیكە بە پەسەند دەگەیەنێت كە ئەو سەنەدە بۆ خۆی ڕێگە و شوێنێك دیاری دەكات لە بەین باوەڕی دێموكرات و نادێموكراتدا، ئەویش سیمای دێموكراتە.

دوكتور قاسملوو درێژە بەوە دەدا كە ئەم ڕەوتە بباتە پێش، لە كونگرەی پێنجەم سوسیالیزم دەكات بەپێی هەولومەرج و لە كۆتاییدا لە كۆنگرەی شەشەمدا دەبینین كە سوسیالیزم ـ دێموكرات وەكوو ئامانجی دوارۆژی حیزب بە هاوكاری هاوڕێیانی لە حیزبی دێموكراتی ئێراندا دەچەسپێنێ. هێنانی سوسیالیزمی دێموكراتیك لە ڕاستیدا مەرزبەندییەك بوو لە بەینی بیروباوەڕی دێموكراتیك و بیروباوەڕی نادێموكراتیكدا و ئەمە داهێنانێكە كە ئێستاش دوای ساڵهای ساڵ ئێمە شانازی پێوە دەكەین.

«گلاسنۆست و پرۆستۆرویكا» زۆر پاش ئەوەی كە ئێمە سوسیالیزمی دێموكراتیكمان بە پەسەند گەیاند، باسی لێ دەكرێت. كەوابوو داهێنان و نوێگەرایی یەكێك بوو لە خەسڵەتە تایبەتەكانی دوكتور قاسملوو.

مەسەلەیەكی دیكە كە باسی لێ دەكەین ئەوەیە كە دوكتور قاسملوو مرۆڤێكی ڕێئالیست بوو، واتە واقێعبین بوو. لە ڕوانگەیەكی واقێعییەوە دەڕۆیشت بۆ نێو مەسەلەكان و سیاسەتی دەكرد. دوكتور قاسملوو لە «كوردستان و كورد»دا باسی ئەوە دەكات كە نەتەوەی كورد یەك نەتەوەیە و ئەگەر دابەش بووە بە مەیلی خۆی نەبووە و ئەگەر یەك بگرێتەوە ئەوە دابەشكردنی خاكی هیچ وڵاتێك نیە، بەڵكوو یەكگرتنەوەی نەتەوە و خاكێكی دابەشكراوە، بەڵام هەر لەو كاتەدا ئەوە كە پێی دەڵێن سیاسەت، هونەری مومكین، لە سیاسەتكردندا دوكتور قاسملوو پێ وایە بۆ سیاسەت دەبێ ئەو شتە بكەی كە مومكینە، واتە واقێعبینی لە سیاسەتدا. بۆیە دەبینین درووشمی حیزبی دێموكرات لەو دەورانەی دوكتور قاسملوو لە حاڵی حەیاتدا بوو، دێموكراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ كوردستان بوو. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە لە تاكتیكی جۆربەجۆر و لە شێوەگەلی جۆربەجۆر كەڵكی وەرگرت. هەروەك دەزانین بە هاتنەسەركاری كۆماری ئیسلامی، حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران و لە سەرەوەی هەموویان، ڕێبەری شەهید دوكتور قاسملوو هەوڵێكی زۆریان دا كە بەڵكوو لە كوردستاندا شەڕ نەبێت و مەسەلەی كورد لە ڕێگەی وتووێژ و موزاكرەوە چارەسەر ببێت. چەندین جار هاتوچۆی تارانیان كرد، لە كوردستانیشدا لە كاتی حەرەكەتی هێزەكانی ڕێژیم بۆ سەر خەڵك و بۆ هێرشكردن بۆ كوردستان، حیزبی دێموكرات چەندین جار هەوڵی دا كە بە شێوەی مەدەنی و بە شێوەی هاتنەمەیدانی خەڵك، پێش بە شەڕ و تێكهەڵچوون لە نێوان خەڵك و هێزەكانی حیزبی دێموكرات و هێزەكانی ڕێژیمدا بگرن.

تەحەسۆنی پاوە یەكێك لەو شتانە بوو كە دەبێتە نوقتەی دەسپێكردنێك بۆ شەڕ لە كوردستاندا، تەحەسۆن لە كات و شوێنێكدا بوو كە ٣٥ كیلومیتر لە شاری پاوە دوور بوو. كاتێك كە لەگەڵ دوكتور قاسملوو قسەمان دەكرد كە چ بكەین دەیگوت: بڕێكی دیكە بكشێنەوە. یان دەبینین كە كاتی هێرشی دووبارە بۆ كوردستان لە كامیاران بێشكە دێننە سەر جادە و ماڵ و مناڵ دێننە سەر جادە تا پێش لە تانكەكانی ڕێژیم بگرن تا شەڕ نەبێت و لە كوردستان شەڕ دەست پێ نەكات.

لە چەندین بواری دیكە دەتوانین ئاماژە بە خەباتی مەدەنی بكەین لەو سەردەمەدا. خەباتی مەدەنییەك كە ئێستا خەڵك پێی وایە ئێستا دەورانیەتی، حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران و لە پێشەوەی هەموویان دوكتور قاسملوو٣٣ ساڵ لەمەوپێش فیكری لێ كردۆتەوە و خەباتی بۆ كردووە. درووشمی ئێمە هەمیشە ئەوە بووە كە لە هەموو شێوەكانی خەبات كەڵك وەردەگرین. ئەگەر شێوەی خەباتی چەكدارییان بە سەر ئێمەدا سەپاند، لە ڕاستیدا شێوە خەباتێك نەبوو كە ویستی ئێمە بێت. ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان دا كە مەسەلەی كورد بە شێوەی وتووێژ و دیالۆگ چارەسەر بكەین، بەڵام بە داخەوە لایەنی بەرامبەری ئێمە كە هێزی بەرتەرە ئەو عەقڵییەتەی نەبوو و شەڕی بە سەر كوردستاندا سەپاند.

دوایین هەوڵەكانی دوكتور قاسملوو بۆ حەلكردنی مەسەلەی كورد بە شێوەی ئاشتیخوازانە ئەوە بوو كە لە سەفەرێكی ڤییەن لەگەڵ دیپلۆماتیكە تێرۆریستەكانی كۆماری ئیسلامی دانیشت و هەموو هیوای ئەوە بوو كە بەڵكوو بتوانێ مەسەلەی كورد لە ڕێگەی ئاشتیانە و موسالمەتئامیزەوە حەل بكات. بەڵام لێرەشدا دیپلۆماتە تێرۆریستەكانی كۆماری ئیسلامی بە كەڵكوەرگرتن لە ئیمكاناتی دەوڵەتی هاتن هێرشیان كردە سەر گیانی دوكتور قاسملوو و هاوڕێیانی، بەو هیوایە كە حیزبی دێموكرات بە لەبەینچوونی دوكتور قاسملوو لە بەین ببات.

ئەمە تێرۆریزم بە واتای دەوڵەتییەكەیەتی. دوكتور قاسملوو لە وتووێژ لەگەڵ عاتفە گورگین لە١٣٦٥دا، باس لەوە دەكات كە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی تەنیا بۆمبدانانەوە و مرۆڤرفاندن یان بارمتەگرتن بە تێرۆریزم دەزانن. دوكتور قاسملوو دەڵێت كە تێرۆریزم بە واتای واقیعی خۆی بریتییە لە سەركوتی خەڵك، داگیركردنی خاك، بریتییە لە پشتیوانیكردن لە باندی تێرۆریستی، لە هەموو ڕوانگەكانەوە ئەمانە تێرۆریست پێك دێنن و ئێمە مەحكوومی دەكەین. بەداخەوە دوكتور قاسملوو گیری ئەو تێرۆریزمە دەوڵەتییە كەوت كە باسی لێ دەكەین. ئەم تێرۆریزمە دەوڵەتییە زۆر ئاسان لە پایەتەختێكی وڵاتی ئورووپایی كە خۆیان بە مەهدی عەداڵەت و تەمەدۆن دەزانن، بەداخەوە لە چوارچێوەی ساتوسەودای بازرگانی و لە چوارچێوەی ئەو ئیمكاناتە دەوڵەتییانە كە لە ئیختیاریاندا



# یادێک له یادگارێک

■ زانیار

ڕۆژی ٢٤ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی، تێکۆشەری ناسراوی نەتەوەکەمان، کاك سەلام عەزیزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە دوای نەخۆشییەکی لەناکاودا گیانی لە دەست دا و درێژەی خەبات و خۆڕاگری بۆ هەواڵان و هاوسەنگەرانی بە جێ‌هێشت.

کاك سەلام عەزیزی خاوەنی کەسایەتییەکی بەرزی نەتەوەیی و ئازادیخوازێکی شێلگیر بوو کە لە هەڵسوڕاندنی کاروباری حیزبی و ڕاپەڕاندنی ئەرکە پێ‌ئەسپێردراوەکانیدا بە بڕشت و بە توانا بوو.

باوەڕی قووڵ و پتەوی کاك سەلام بە ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پێداگرییەکانی لەسەر ئامۆژگاری و وانەکانی دوکتور قاسملوو بۆ هەموو لایەك دەرکەوتبوو، هەر بۆیە مەرگی لەناکاو و بێ‌وەختی کاك سەلام دە ساڵ پاش دوکتور سادق شەرەفکەندی برینێکی بەژانی دیکە بوو کە کەوتەسەر جەستەی زامداری ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی



شەهید کاك عەبدوڵڵا قادری ئازەر
شەهید کاك سەلام عەزیزی

کوردستانی ئێران و خەسارێکی گەورە بوو کە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی و مافویستی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران کەوت.

کاك سەلام لە باری کۆمەڵایەتیشەوە ئینسانێکی مرۆڤدۆست، سادق و سەریح، خەڵك خۆشەویست و خۆشەویستی خەڵك، قسەخۆش و خاوەن هەڵوێست بوو. ئەو تایبەتمەندییانەش یارمەتیدەری بوون بۆ جێگرتوویی کەسایەتییە بەرزەکەی بە جۆرێك کە هەمیشە دەکرا لەسەر هاوسەنگەری و هاڤاڵەتیی ئەم تێکۆشەرە حیساب بکەی.

لە سێزدەهەمین ساڵوەگەری مەرگی کاك سەلامی هاوخەبات و هەڤاڵ و دۆست و براماندا، یادی ئەو یادگارە بەنرخە دەکەینەوە و ئەو یادە و ئەو یادگارە بۆ هەمیشە لە دڵ و لە بیرماندا دەپارێزین.

درێژەی لاپەڕە ٤

بوو توانییان زۆر بە ئاسانی لەسەر مێزی بەناو وتووێژدا دوکتور قاسملوو و شەهید عەبدوڵڵا قادری ئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ تێرۆر بکەن و زۆر ڕاحەت دەرباز بن. لێرەدایە کە پرسیارێکی گەورە کەوتە سەر عەدالەت لە وڵاتی ئوتریش و بەتایبەتی دامودەزگای قەزایی ئەو وڵاتەدا.

دوای ٢٣ ساڵ ئەگەر ئاوڕێك بدەینەوە، کۆماری ئیسلامی بەو ئامانجە کە هەوڵی بۆ دا و دوکتور قاسملووی شەهید کرد، نەك بە ئامانجەکەی نەگەیشتووە بەڵکوو هەنگاوێك و چەندین هەنگاویش بارودۆخی خراپتر و نالەبارتر بوو. هەر لە ماوەی ڕابردوودا کۆشکی دیکتاتۆرەکان یەك لە دوای یەك کەوتنە بەر ڕووخان. لە توونێسەوە دەستی پێکرد و درێژەی کێشا بۆ میسر تا ڕێژیمەکانیان ڕووخا و ئێستاش ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە ژێر زەبروزەنگی ئەو کەسانەیە کە بە دژی بەشار ئەسەد و دیکتاتۆری خەریکن خەبات دەکەن. لەم بەینەدا هەم لە ترسی ئەوەی کە ئەم خەباتە ڕۆژێ لە ڕۆژان بگاتە ئەو و هەم لە ترسی ئەوە کە هاوپەیمانێکی لەم ناوچە لە دەست بدات لە حەرەکەتەکانی سووریە دەخاڵەتی هەیە و بە قازانجی دەسەڵاتی دیکتاتۆری دەوری هەیە و زۆر هەوڵی داوە.

خۆشبەختانە بارودۆخی ڕێژیم ئێستا لە حاڵەتێکی زۆر نالەباردایە، واتە لە باری نێونەتەوەییەوە لە حاڵەتی ئینزوادایە و لە باری نێوخۆییەوە کەمترین نفووزی لە نێو خەڵکەکەدا نەماوە و لە باری ئابوورییەوە بارودۆخی وڵات بە ڕادەیەك شپرزە و خراپە کە نرخی دۆلار لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگدا دوو بەرابەر چۆتە سەر، واتە دۆلار ئەگەر هەزار تمەن بوو ئێستا بۆتە دووهەزار تمەن و ئەم گرانییە قەیران و بارودۆخێکی لە ئێران پێك هێناوە کە ڕۆژبەڕۆژ گرانی لە وڵاتدا زیاتر دەبێت. پێکهاتنی ئەم گرانییە قورساییەکەی ئەکەوێتە سەر شانی خەڵکی زەحمەتکێش و هەژار و قشری وەسەتی کۆمەڵگا.

بەرپرسیاریەتی ئەم بەرەوخراپبوونی وەزعی خەڵکە دەکەوێتە سەر شانی کۆماری ئیسلامی و کۆماری ئیسلامییە کە بەو سیاسەتە ماجەراجوویانە و هەڵەیانەی و بە سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ بارودۆخێکی پێکهێناوە کە ڕێژیمی ئێران ڕۆژبەڕۆژ خەریکە بەرەو تەریککەوتنەوە و ئینزوا و تەحریمی زیاتر دەچێت، ئەو بە سیاسەتی درێژەدان بە پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ چەکی ئەتۆمی، بارودۆخێکی پێکهێناوە کە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ تەحریمەکان زیاتر دەبێت و لە داهاتوودا دەبێ چاوەڕوان بین کە وەزعی ژیانی خەڵك و بارودۆخی ئابووریی ئێران بەرەو خراپتربوون بچێت و ئەمە کاریگەری خۆی هەیە کە لە پێشدا ئاماژەم پێکرد کە بەرپرسیاریەتیی ئەم بارە گرانە دەکەوێتە سەر شانی کۆماری ئیسلامی، بۆیە کۆماری ئیسلامی لە دەورانێکدایە کە خەباتێکی بەربەرینی خەڵك ڕووبەڕووی بێتەوە، خەباتێك کە دوکتور قاسملوو ساڵها خەباتی بۆ دەکرد و هەوڵی بۆ دەدا کە ئەو ڕێژیمە، ڕێژیمێکی دیکتاتۆرە و دەبێ لا بچێت و ڕێژیمێکی دێموکراتیك جێی بگرێتەوە.

ئێمە هیوادارین بە تێکۆشانی خەڵك و بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی و هەوڵی هەمەلایەنە بتوانین پێکەوە لەگەڵ هەموو خەڵکی ئێران و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی ئەو ڕێژیمە بەچۆکدا بێنین و لە جێگەی ئەو ڕێژیمێکی دێموکراتیك بێتە سەرکار و ئەو ڕێژیمە بتوانێ هەموو مافەکانی نەتەوەکانی ئێران و مافەکانی تاکی ئێرانی دابین بکات، بە هیوای ئەو ڕۆژە.

لێرەدا لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوو، یادێك دەکەمەوە لە ڕێڕەوێکی بەئەمەك و بەوەفای ڕێبازی دوکتور قاسملوو، ڕێڕەوێکی زۆر دڵسۆز، وەفادار، خەڵکی، خاکی، بەتوانا و تێکۆشەر بوو، کاك سەلامی عەزیزی.

کاك سەلامی عەزیزی لە ٢٤پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨ بە هۆی نەخۆشینێکەوە کۆچی دوایی کرد و ماڵئاوایی لە ئێمە و هاوسەنگەرانی کرد. کاك سەلام لە ساڵی ١٣٢٥ لەدایك بوو و خوێندنی سەرەتایی تا کەلاسی پێنجەم لە گوندەکەیان، عەزیزکەند دەخوێنێت و پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕوو لە شار دەکات و لە شار درێژە بە خوێندنەکەی دەدات و شانبەشانی خوێندنەکەی وانەی ئایینیش دەخوێنێت تا دیپلۆمەکەی وەردەگرێت و پاش ئەوە دەبێتە مامۆستا و کاری مامۆستایەتی دەکات. لە ساڵی ١٣٥٠ لە زانکۆی حقووق قەبووڵ دەبێت، دەڕوا بۆ دانشکەدەی حقووق، لەوێ دوای تەواوکردنی زانکۆ بۆ ورمێ دەگەڕێتەوە و لەوێ وەکوو قازی دادگوستەری دادەمەزرێ. پاش ماوەیەکی دیکە لە ساڵ ١٣٥٦ و ٥٧، کاك سەلامی عەزیزی دەبێتە سەرۆکی دادگای بۆکان.

لە ساڵی ١٣٥٨ پەیوەست دەبێتە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، لە پەیوەستبوونی بە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تاکوو ڕۆژی شەهیدبوونی، بەرپرسایەتی جۆراوجۆری هەبوو، لە ئەندامەتی هەیئەتیی ئیجرایی کومیتەی شارستانەوە تاکوو ئەندامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی و بەرپرسی کومیتەی شارستانی سەردەشت و پاشان ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی و دواتر ئەندامەتی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیسیۆنەکانی کۆمەڵایەتی و خەدەمات ـ ماڵی و و سیاسی ـ نیزامی دەورێکی زۆر گرینگی لە بەڕێوەبردنی کاری حیزبیدا گێڕاوە.

کاك سەلام مودیرێکی چاك بوو و بەتایبەت ئەو کەسانە کە لەگەڵی هاوکار بوون دەزانن کە چۆن مودیرێك بوو. کاك سەلام لەگەڵ ئەوەش کە مودیر و بەرپرسی ئورگانێك بوو، لەگەڵ هاوکارانی زۆر ڕەفیق و دۆست بوو، بەڵام هیچکات دۆستایەتی نەدەبوو بە هۆی ئەوە کە کەمترین عودول لە کارەکانی حیزبی بکات، بۆیە لە بەڕێوەبردنی بڕیاراتی حیزبی هەموو هەوڵی خۆی دەدا. بەکورتی دەبێ بڵێم، کاك سەلام مرۆڤێکی خۆشەویست لە نێو حیزبەکەی و لە نێو کۆمەڵگا و مرۆڤێکی زانا بوو و لە دەربڕینی بۆچوونەکانی زۆر وریا و ئازا بوو، هەمیشە و بەردەوام دژی باوەڕی لادەرانە و باوەڕێك کە مافیان بە حیزبی دێموکراتەوە نەبوو و نفووزیان کردبوو لە نێو حیزبی دێموکرات، خەباتی دەکرد. کاك سەلام سەرمایەیەك بوو کە مخابن زۆر زوو لەدەست چوو، لە تەمەنی٥٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. لێرەدا سڵاو دەنێرم بۆ شەهیدی نەمر و کۆچکردوو، شەهید کاك سەلام عەزیزی و بەڵێنی درێژەپێدانی ڕێبازی قاسملوو، بە قاسملوو و عەبدوڵڵای قادری ئازەر و کاك سەلامی عەزیزی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری دەدەین و هیوادارین کە ڕۆژێك بێت کە نەتەوەکەمان لە پێناو هەوڵ و تێکۆشانی ئەوان و تێکۆشەرانی دیکەی حیزبی دێموکرات و هەموو نەتەوەی کورد بتوانێ بە ئامانج و ئاواتەکانی ئەوان کە دێموکراسی، مافی نەتەوەیی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بوو بگات و بە هیوای ئەو ڕۆژە و زۆر سپاس.

## ڕۆژەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

### خاڵێکی گەشاوە لە مێژووی عەرەبدا

«میدێل ئیست ئانلاین» وتارێکی لە ژێر ناوی «بۆچی مانگی جوولای خاڵێکی گەشاوەیە لە مێژووی عەرەبدا» بە قەڵەمی «ڕامی ج.خووری»، بەرپرسی دامەزراوەیەکی سیاسەتی گشتی و کاروباری نێونەتەوەیی لە زانکۆیەکی ئەمریکایی لە بەیرووتی لوبنان بڵاو کردەوە. نووسەر باسی پرسەکانی ئەمدواییانەی میسر دەکات و لە سەرەتادا دەنووسێ: «زنجیرە ڕووداوی سیاسی لە میسر لە دوو حەوتووی ڕابردوودا هەنگاوێکی گرینگ بوو لە ڕێگای دوورودرێژی دارشتنەوەی پێکهاتەی حکوومەت و سیاسەت لە میسردا، چوونکە ڕەوایی چەندین بکەری چارەنووسسازی ڕوون کردەوە کە لە داهاتوودا لە چەندین فۆرمی ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسیی ئاشتیخوازانەدا دەمێننەوە». لە درێژەدا دەنووسێ: «لە ماوەی ئەم ڕۆژانەدا ئێمە شایەتیی چەندین ڕووداوی دراماتێك بووین: موحەممەد مۆرسی وەکوو سەرکۆماری هەڵبژێردراو ڕاگەیەنرا کە بە شێوەیەکی سەمبولیك لە بەرامبەر حەشیمەتێکی بەرینی لایەنگرانی لە مەیدانی تەحریر سوێندی یاسایی خوارد و دواتر بە شێوەیەکی فەرمیتر هەمان سوێندی لە بەرامبەر دادگای یاسای بنەڕەتیدا دووپات کردەوە، دوای ئەوە، ئەو داوای کۆبوونەوەیەکی کورتی جیای لەو پارڵمانەی هەڵوەشاوە ڕاگەیەنرابوو، کرد کە تێیدا بەسەر وەلانرانی لە لایەن دادگای یاسای بنەڕەتی و شوورای بەرزی دەسەڵاتداری هێزە سەربازییەکان پێداچوونەوە بکرێ«.


نووسەر دواتر باس لە گرینگی ئەم ڕووداوانە دەکات و جەخت دەکاتەوە کە ئەمانە لە ساڵانی داهاتوودا لە جیهانی عەرەبدا دووپات دەبنەوە. پاشان دەنووسێ: «ئەو پەرەپێدانە گرینگە لە میسر لەم مانگەدا تەئیدی پێنج بکەری چارەنووسسازی لەگەڵ بووە کە لە ئێستا لە مەیدانی سیاسەتی نەتەوەییدا کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە ـ سەرکۆمار، شوورای بەرزی سەربازی، پارلمان، سیسمی دادوەری و جەماوەر کە لە لایەن حەشیمەتی مەیدانی تەحریرەوە کە شایەتی یەکەمین سوێندخواردنی سەرکۆماری بوون، نوێنەرایەتی دەکرێ. چۆن ئەم لێککارکردنی ئەم پێنج بکەرە، درێژە بە گەشەکردن دەدات کە هەر کامیان بۆ بەرەوپێشچوون لە مەیدانی بیروڕای گشتیدا مانۆڕ دەدەن و لە ئامرازەکانی سیاسەتی ئاشتیخوازانە کەڵك وەردەگرن. ئەم ڕووداوانە کە هەنووکە بە شێوەیەکی ئاسایی و ناتوندوتیژانە کاریگەرییان داناوە، سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ خەڵکی میسر، ئەو خەڵکەی لە سرووشتی مێژوویی ئەو بڕیارانەی ئەوان گرتوویانە، تێدەگەن، وەك ئەوەی لە خەو ڕابوون و پاش شەش دەیە حکوومەتی سەربازی وڵاتیان ڕۆ نایەوە».

نووسەر دواتر باسی کاڵوکرچبوونی ئەزموونەکانی دێموکراسی لە میسر و چالێشەکانی بەردەم پرۆسەی هەنووکەیی لەو وڵاتەدا دەکات. ئەو گرینگترین خاڵ بە بەرجەستەبوونی ڕۆڵی هاووڵاتییان لە پرۆسەی هەنووکەیی ئەو وڵاتەدا دەزانێ و دەنووسێ: «دوایین دەسەڵات لە دەستی خەڵکەکەدایە و سیستمی دادوەری، پارێزەرێکی چارەنووسسازی مافەکانی هاووڵاتییان و دەسەڵاتی یاسایە کە بەردی بناغەی وەها سیستمگەلێکن. سەرکۆمارەکان، پارلمانەکان و بەرپرسانی سەربازی دێن و دەڕۆن، بەڵام شارۆمەندان و سیستمی دادوەری دەمێننەوە.»

سەرچاوە:
middle-east-online.com

# گریانێکی شین

بەهار حسێنی



پیاوێک لە ئەوپەڕی هاوارە
بەردەوامەکانەوە
بە گوێماندا دەچرپێنێ و
هەموو کاتێک لە ئێمەدا بەڕێوەیە
لەدایک بووی لایەلایەی چرکەیەکی
لەسەرخۆچوو
گۆرانێکی سوور
گریانێکی شین
لە کازێوە، شەو، ئەستێرە،
لە دار و ئاو
تۆ نازانی
سەر لە سەر ڕانی ئەو، خەو بە
کلارەوە دێتن
چ خولیایەک دەخولقێنێ
تۆ نازانی
کە دڵپڕیت دادەهێنێ
چۆن پەلکێشت دەکا
بۆ ئەوەی بیری بیرەوەریی قاڵاو
لە دڵی دار بتارێنێ
بوونی ئەو، سەری نایە سەر
تەنیاییم
لە پیاسەی ژێر دارتەلە
بریقەدارەکانی شەو نەدەترسام
بەڵام لە ڕاوەستان
لە ژێر بەرقی بریقەداری
دارتەلەکان و
بوون بە بیرەوەری تۆزێک
ئەو دەیزانی.

مەزنە مرۆڤەکەی من
لە پێکدادانی ڕوانینمان
تا بوونت
تا مانەوەت
تا «قد قامت» ی پاش
شەوەزەنگ
پاش ئەستێرە و دار
تا هەموو کاتژمێرە بێ میلەکانی
کەی
من
ئێمە
ڕاکێشی وشە بە وشەت دەکا
کە واتات کەوی کردووە
وشەکانت
ئەو ساڵکارە ماتەمبارەی
ئاوێتەی چێژێکی سوور و
بێدەنگییەکی غەریب کرد
تۆ دانیشتی
بۆ ئەوەی ئاسمان ئیزنی
ڕاوەستان وەرگرێ و
بڵێ شین
پێڵاوەکانمان لە سەر گاشە
بەردەکان باڵغ بوون و
بێ تۆیی
بوونی تۆی لێ نەستاندرینەوە.
کە دەستت ئەکێشا بە سەرماندا
فرمێسکمان ئەخزایە سەر گۆنا
بۆ ئەوەی ئەو لێوە ماچ بکا کە
باسی تۆ دەکا
ئێمە گڕمان گرت
خەونەکانمان پڕ بوون لە تۆ
مەزنە مرۆڤەکەی من.

رووەو دایکمان نوێژ دادەبەستین
پەرژینەکان باڵامان بەرز ئەکەن
کۆتەکان پچڕاو و
قاچەکانمان ڕەها
ڕێگا تەخت
لە پیرترین قەرەجی ئەو زەوییە
دڕدۆنگە ڕاماوین
شاخەکان
سەرپەنایەکی بێ پەنان
بۆ ئاوارەیەکی ئەویندار و شێلگیر
دایکم دەزانێ بۆچی بۆن بە دەنگی
پێی کاروانەکانەوە دەکەین
ڕازی ئەو سەرگەردانییە دڵخوازە
دەکاتە کوێی دیوارەکانی شار

قامکەکانمان بچووک و بچووکتر
خۆمان گەورە و گەورەتر
پێڵاوەکانمان باڵغ و باڵغتر
هاتووین بۆ ئەوەی بکەڕێینەوە
خۆمان خستۆتە نێو ئاگرێک پاکمان
کاتەوە
لە بەرزایی بێدەنگی و ڕامان لە
تۆدا ماوینەوە
مەزنە مرۆڤەکەی من.

پیاوێک لە ئەوپەڕی هاوارە
بەردەوامەکانەوە
بە گوێماندا دەچرپێنێ و
هەموو کاتێک لە ئێمە دا بەڕێوەیە
بێزار لە چوارچێوە
پشتی بە چاوەڕوانییەکی شین
بەستووە
مانگ لە نێوان لقە تەزیوەکانەوە
وتی
«حب الوکن»
سەرمایەک بە ناخمدا گەڕا

مەزنە مرۆڤەکەی من
دەتزانی تەنیایی هەبوونمان
قووت دەدا
دەتزانی دەتوانین
بە یەک ڕەنگ
دەست لە دەست لە گەڕی
هەڵپەرکێی یەکگرتن
هاودەنگی هاواری بێدەنگی
لە کۆڵانەکانی ئێوارەدا گەورە بین و
هیچ قاچێک هەنگاوی ئەو کۆچە
هەڵنەگرێ و
هیچ چاوێک لەدوای هیچ کۆچێک
تەڕ نەبێ
کەچی
لە ئەنگوستەچاوترین تەنیایی
شەوێکدا
حەرام هەر حەڵاڵ بوو
ئێمە بۆ چاوی کوێری جیهانی
بەختەوەر
تەنانەت نەبووینە نەخشەیەک.

مەزنە مرۆڤەکەی من
. با . ش سەری لە پێکەوە
بوونمان دەرنەکرد
هەر هاژەی هات بە دەورماندا
لێگەڕاین لە ژاوەژاوی ئەو هەموو
دڵەڕاوکێیەدا بمێنینەوە
تەنیا تۆ بووی لە نێو پەنجەکانی
تاریکیدا
خەونی ڕووناکیت دەدیت
فاڵی خێرت بۆ گرتین و بەرزت
کردین
خەونەکانمان هەڵپەڕین و
بەرەبەیان
شاخی زەیستان
هێشتا بێزووی بە مشتێ خاک
دەکرد
تا ئەوبەری بێبەر بووینە هاوڕێ
تا ئەوپەڕی نەبوونی بوون
پیاوچاکانی سەردەمانی غەریب
قاچەکانی خاکیان ماچ دەکرد
ئێمە لە کوێی ئەم هاتوچۆیەدا
لە کوێی ئەو سەفەرە بێ
گەڕانەوەیەدا
خەومان لێ کەوت؟
کە مەرگ هات و بە لاماندا
تێپەڕی
چەندی دڵمان هەڵێرەگرت
هاواری بە قورگمانەوە نووساند
مەزنە مرۆڤەکەی من
لەو شوێنەی تۆیان لێ کوشت
باران لێ ناکاتەوە
هەراسی ڕووناکیی چاوەکانی هەڵۆ
لە نێو خەونی کوندەبوودا بوونێکی
کاولە
دەستە دڕۆینەکانی ئیمان
پڕ بوون لە کابووسی درەختێک کە
سەرپەنای ئێمە بوو
لەو شوێنەی تۆیان کوشت
ئێستاکەش فیشەک و باران پێکەوە
دەبارن
تۆش
نە چەترێکت لایە و نە سەنگەر

مەزنە مرۆڤەکەی من
قاچەکانمان بە سەر خیزەڵانی
مەزاری ئەو هەموو زیندوویەدا
ڕادەکێشین
ئێمە قەرزداری چ کەردەنەکانی
خۆمانین
بەو مناڵانەی بوونیان لە سەرەتای
ئەم کۆچەوە دەست پێدەکا
دەمانهەوێ لە خۆڵی مەزارت
بۆ بوون ئاوێنەیەک سازکەین
ئەوەندە نێو چاوانمانی لێ بسووین
تا وشە بە وشە خۆشەویستیتی پێوە
بلکێ
دەمانهەوێ مرۆڤ بین
لە باوەشی دار و
تروسکەی ئەستێرە و
ئاو و خاک
لە ناو وشەکانتدا
بە دەم لایەلایەی تۆوە کە
هەمیشە لە ئێمەدا بەڕێوەیە
ئارام دەگرین و
شینتر لە شین بە نیشتمانەکەمان
دەڵێین
«قد قامت»

نووسەر: ئاگری - ئارخۆ

# «دوو کۆپلە شیعر بۆ پێغەمبەری ئاشتی»

**«هەتوان»**

لە خوێنی سووری دا گەرمیی هەناسەی شاخەکان بوو
لە دەشتی چاوی دا سەوزیی گەلای گشت باخەکان بوو

لە دەنگی گەرمی دا سروەی بلاوێنی بەهاری
بەڵام تەنیا، بەڵێ تەنیایی تێکڕای چاخەکان بوو

لە مێژوودا بەشی کورد ئاخ و وایلابووە هەر
کەچی سەرباری داخ، مەرگی بەقەت گش ئاخەکان بوو

لە دەشتی سەوزی بیری دا وشەی ئینسان رووابوو
لە بەرزی دا سەری هاوشانی دوندی شاخەکان بوو

لە چاوماندا ئەگەر بەژنی نیشانەی پیاوەتی بوو
نیشانەی گەورەیی مانای بە قەت گشت ناخەکان بوو

حەیف بۆ دوکتوری زانای سیاستوانی ئێمە
برینداریین و رێی روونی ئەوە هەتوانی ئێمە

نەما ئەو کاتە باڵی ئەو نسێی سەر هەر سەرێک بێ
لە دۆزەخگای شەڕوشۆڕا هەناسەی، سێبەرێک بێ

ئەگەر جاران لەشی خۆری گەشی ئازایەتی بوو
دەبێ ئێستاکە بۆ یەکبوون خەیاڵی پەیکەرێک بێ

لە مەیدانی نەوەستانا هەزارانی لە دوو بوون
لە دەشتی یادی دا ئێستا دەبوو کورد لەشکەرێک بێ

گەشە خوێنی شەهیدی ئەو بەشەی دایکی وەتەنمان
کە بۆ ئاشتی و تەبایی میللەتی پێغەمبەرێک بێ

لە رێی ئازادی عیشقی نیشتمان و خاکی پیرۆز
هەموو ئامادە هەن لاوان، ئەگەر رۆژێک شەڕێک بێ

حەیف بۆ دوکتوری زانای سیاست وانی ئێمە
برینداریین و رێی روونی ئەوە هەتوانی ئێمە

بووی لە رێی ئاشتی بەڵام
دوور لە تۆیە سەروەر و سالاری من ئێستا خەمە

قاسپە قاسپی گوللەیی پێشمەرگە شاخی پڕ دەکرد
ئەو دەمەی مابووی و من خۆزگە دەخوازم بەو دەمە

باوەشت پڕ چۆم و کانیاو بوو لە دەریاکان دەچووی
بۆیە خوێنت سووری کرد ویژدانی گشت ئەو سەردەمە


کەس نەڵێ کورد مردووە، شاخ زامی هەڵگرت گەر کەمێک
چاوەکانم چاوی پیری هەر لە تۆزێ مەرهەمە

خوێنی تۆ سووتاندی داوێنی رەشی شەوگاری شووم
نوتەک و تاریکە گەر رێگا، برینی تۆ شەمە

روون دەکا بەر چاوی پێتووس و وشە و دەفتەر شەمت
باخی بەژنت، خۆرەتاوی روونی ئێستا بەرهەمە

دێن بەرەو تۆ ورە هەنگاوی پتەو، روونی کە رێ!
قافڵەی تۆ بێ وچانە و رێبوارت بێ خەمە

دەردەداری دەستی شەوگاری رەشە ناخی ئەمن
دوکتورێک گەرییتوو بێ، دەڕوا ئەوی دەردی هەمە



**«ورە هەنگاو»**


تۆوی بێدەنگی رژاوە یا کە ساتی ماتەمە
ماتەمی دنیا لە لامان بێ، دەڵێم هێشتا کەمە

ئاسمان رەش، چاوی تەنیایی بە جارێ گەش بووە
چاوی دڵ لیلایی داهاتۆوە یان هەور و تەمە
هەر خەمێکی هاتە سەر رێمان بە لایدا تێپەڕین
تیپەڕین ئەمما لە خوێنی تۆ، بە خوێنت، ئەستەمە

سەروەر و سالاری کوردان

# (... لوو ئەی هەمیشە رێبەر)

گوڵباخ بەهرامی



پەیکەرێک کە بە باڵاپۆشی فەقیهەکانی بێ مێشک و ناوەرۆک
لەبیابانی عەدەمی بێ دادیدا
بێ سەبرانە تاوان لێدەخوڕێت.

ئەی قاسملوو ئەی هەمیشە رێبەر
هەر خۆت پێمان بڵێ
لەم ئەوینە بێ بەرییەدا
کە خاڵی خاڵی پڕ ئەبینەوە لە ئیشتیاقی بوونت
لە ئەستێرە بارانی خەندەت
لە کازیوەی سیحراوی سەحەرەکانی فێرگە لە نیگات
چەک و سەنگەرو کۆڵنەدان و ئازادی،
چەن گەورەبووی بۆ گەرم داگەڕانی ئەم کۆسپە.
ئیستاکە نیشتمانم پەڕێکە لە باڵی فڕینی تامەزرۆ
نەخشەی بە سینگی بەردەوە چنراو
باهۆزی هاواری یاڵەو یاڵ
سنوور بە سنوور لە بەزاندنی مەودا نابێتەوە.
تا بە پەیکەری نووستووی ئەو خوایە
کە شایەتی ئاوا بونی وەتەنی دڵگیرو شیرینە
بڵێ:
لەم سەحرای بێدای تاوانەدا
ئەمە سوپای شەڕکەری بێ ئیمانە
ئەمە ردێنی تیژ و رەشی کورسی نشینانی تارانە
بە شمشێری کول و کۆنی دیپلۆماسی
بە هەزار قاچ و هەزار دەستی کوشتن و هەڵاتن
پەلاماری قیبلەی هەتاویی ئەم خاکە ئەدات .... کوا تەیرەن ئەبابیل ؟
دەنگێک لە قامووسی ئەم ئازارەوە
بۆ ئازادی ئەگەڕێت لە بەری کات
بۆ پیتێکی باڵدار ئەگەڕێت پێی بفڕێت
بۆ سروودی ئەزەلی بوونی ئاو ، کە بیژەنێت.
ئێمە لە هەواری ئەم بەرزە نیشتمانەوە
ئەزانین و دڵنیاین کە بوونت
لە چاوەچاوی هەمووماندا دەبینرێت
بۆ چرکەیەک لە تەماشات بەر لە هەڵفڕین.
ئێمە کە لە چاوی خۆماندا فرمێسکین و وشک ناکەینەوە
تا تەڕایی ئەم حەسرەتە گریاوە
بونمان بە خاکی ئەوینتەوە بنووسێتەوە..
هەتا هەوارگەی ئەم برینە بەردەوامە
رێبواری ئەو خاکە بەرینەین، کە باوەشی بە جەستەماندا کردووە
تا غەریبانە لە غەریبیت نەڕوانین و
بە رێبوارانی هێشتاو ئایندەو بە ڕیزی پەنجە بڕاوەکانی ئاشتی بڵێین:
شەهید بوونی هەتاو ، سەفەری مانگە
بۆ وەرزێکی سپیتر لە راموسانی سپێدە
تەزوو بەلەشی هەتیوی خاکا دێنێ و
جەستەی مانەوەی ماندوومان، برینپێچ ئەکات و
پڕ بە کەرامەتی نەفەسی قاسملوو، دێمۆکرات ئەنووسێتەوەو
هاواری ئەم کاروانە بەردەوامە
ئەی قاسملوو ئەی هەمیشە رێبەر.

٢٢ی پووشپەڕی١٣٩١

# نه‌سره‌وتن وانه‌ی ڕێبه‌رێکی نه‌سره‌وتوو بۆ حیزبی دیمۆکرات

■ رامبود لوتفپوری

مه‌رج نیه هه‌ر که‌س که له شۆڕشدا به‌شدار بوو خاوه‌ن که‌سایه‌تیی شۆڕشگێڕانه بێت. ئه‌مه ڕاستییه‌که هه‌موو شۆڕشه‌کانی جیهان له خۆ ده‌گرێت . هه‌رچه‌ند له ڕوانگه‌ی سیاسه‌ته‌وه هه‌موو به‌شداربووانی شۆڕش به شۆڕشگێر پێناسه ده‌کرێن به‌ڵام شۆڕشگێڕ له ڕوانگه‌ی ده‌روونناسیی کۆمه‌ڵایه‌تی و به بۆچوونی که‌سانێکی وه‌ك «ئه‌ریك فرۆم» ئه‌و که‌سه‌یه که ئامانجدارانه و به باوه‌ڕه‌وه تێکه‌ڵاوی شۆڕش ده‌بێت، واته هه‌ڵوێسته‌که‌ی پشت به‌مه‌عریفه‌یه‌ك ده‌به‌ستێ که بۆی بۆته باوه‌ڕ و له هزر و بیریدا ڕه‌گی داکوتاوه و بنیادی بۆته‌وه. بۆیه که‌سایه‌تیی شۆڕشگێڕ بڕوایه‌کی قایمی به خۆی و ڕێبازه‌که‌ی هه‌یه و له دژوارترین هه‌لومه‌رجه‌کانیشدا تووشی له‌رزۆکی و پاشگه‌زبوونه‌وه نابێت.

ئه‌م تایبه‌تمه‌ندییه ڕه‌نگدانه‌وه‌یه‌کی به‌رچاوی له که‌سایه‌تیی دوکتور قاسملوودا هه‌یه، دوکتور قاسملوو ڕێبه‌رایه‌تیی شۆڕشێکی ده‌کرد که هه‌ڵکشان و داکشانی زۆری به‌خۆوه دیوه، گه‌لێك قۆناغی شکست و سه‌رکه‌وتنی ئه‌زموون کردووه، گه‌لێك ڕۆڵه‌ی ئازا و که‌سایه‌تیی گه‌وره‌ی له‌گه‌ڵدا بووه که به‌شێکیان یان شه‌هید یا بریندار، که‌م ئه‌ندام و په‌ککه‌وته بوونه یا له قۆناغێك له قۆناغه دژواره‌کاندا تووشی بێ‌هیوایی بوونه و کاروانی خه‌باتیان به‌جێهێشتووه، جیا له‌و که‌سانه‌ی که به ناچاری و به بێ ویستی خۆیان له ڕیزه‌کانی خه‌بات دوور که‌وتوونه‌ته‌وه، یه‌کێك له هۆکاره‌کانی ئه‌م به‌جێ‌هێشتنه ده‌توانێ نه‌بوون یا لاواز بوونی باوه‌ڕی شۆڕشگێڕانه له‌و که‌سانه‌دا بێ، واته به‌شێك له‌و که‌سانه خاوه‌ن که‌سایه‌تیی شۆڕشگێڕانه نه‌بوون و هه‌ندێك هۆی لاوه‌کی په‌لکێشی شۆڕشی کردوون. له هه‌لومه‌رجێکی ئه‌وتۆدایه که که‌سایه‌تیی نه‌سره‌وتووی دوکتور قاسملوو باشتر ده‌رده‌که‌وێ. ئاوڕدانه‌وه‌یه‌ک له بڕیار و هه‌ڵوێسته‌کانی د.قاسملوو له بڕگه جیاوازه‌کانی خه‌باتی حیزبی دێموکرات تابلۆیه‌ک له ئینسیاتیڤ و نه‌سره‌وتنی شۆڕشگێڕانه‌ی ڕێبه‌رێکمان بۆ وێنا ده‌کات که هه‌نووکه‌ش باندۆری به سه‌ر خه‌باتی حیزب و نه‌ته‌وه‌که‌یدا هه‌یه و بوونه‌ته وانه‌ی ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانه.

چه‌ند نموونه‌یه‌کی مێژوویی

پاش سه‌رکه‌وتنی شۆڕشی ئیسلامی و له کاتێکدا که وتووێژه‌کانی ده‌وڵه‌تی کاتی و لایه‌نی کورد بۆ دابین و ده‌سته‌به‌ربوونی مافه‌کانی نه‌ته‌وه‌ی کورد له ئێراندا بێ‌ئاکام ده‌مێننه‌وه و ڕێژیم بڕیاری شه‌ڕ و جیهاد ده‌دات، دوکتور قاسملوو وه‌کوو ڕێبه‌ری حیزبی دێموکرات و شۆڕشی نه‌ته‌وایه‌تی کورد له‌م پارچه‌یه له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که ئاگاداری ناهاوسه‌نگیی هێزه‌کان و به‌هێزتربوونی دوژمنه‌که‌یه‌تی، شێلگیرانه بڕیاری به‌رخودان و به‌رگری چه‌کدارانه ده‌دات، ته‌نانه‌ت پاش داگیرکردنی شار و گونده‌کانی کوردستان له‌لایه‌ن هێزه‌کانی ڕێژیمی ئێران و پاشه‌کشه‌ی ناچاریی هێزه کورده‌کان بۆ ده‌ره‌وه‌ی وڵاتیش دیسان کۆڵ نادات و تووشی بێ‌هیوایی نابێت به‌ڵکوو ئاڵای شۆڕش هه‌ر به‌رز ڕاده‌گرێت و ده‌ڵێ: «به بڕوای من ئه‌وه‌ی بۆ شۆڕشگێڕ گرینگه ئه‌وه‌یه که نابێ هیچ کات شه‌رمه‌زاری ویژدانی خۆی بێ و ده‌بێ هه‌رده‌م بتوانێ ئیدیعا بکا که ئه‌وه‌نده‌ی بۆی کراوه و له‌ده‌ستی هاتووه، له پێناو شۆڕش، ئازادی و ڕزگاریی نیشتمانه‌که‌یدا کردوویه‌تی«.

ئاگربه‌سی ئێران و عێراق بۆ بزاوتی ڕزگاریخوازانه‌ی کورد له باشوور و ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان مه‌ترسییه‌کی گه‌وره‌ی هێنایه ئاراوه و گریمانه‌ی تێکشکانه‌وه‌ی جوڵانه‌وه‌ی کورد له‌و دوو پارچه‌یه‌ی کوردستان بوو به مۆته‌که‌ی خه‌ونی ڕزگاریخوازانی کورد. ترس له ساتوسه‌وداکردن به دۆزی کورد له لایه‌ن هه‌ر دوو ده‌وڵه‌تی عێراق و ئێران به‌شێک له ڕزگاریخوازانی کورد و ته‌نانه‌ت سه‌رکرده‌یشی تووشی دڵه‌ڕاوکێ و بێهیوایی کرد. به‌ڵام له‌و ده‌مه‌یشدا قاسملووی ڕێبه‌ر به‌و په‌ڕی ئازایه‌تی و لێهاتووییه‌وه شرۆڤه‌ی بارودۆخه‌که ده‌کات و ده‌ڵێ: «ئێستا ئه‌گه‌ر مێژوو دووپات بێته‌وه و ئه‌و ده‌وڵه‌تانه‌ی کوردستانیان به‌سه‌ردا دابه‌شکراوه بۆ جارێکی دیکه‌ش بۆ تێکشکاندنی جووڵانه‌وه‌ی نیشتمانیی گه‌لی کورد، پێکه‌وه ڕێککه‌ون (هه‌رچه‌ند که ئیمکانی شتێکی ئه‌وتۆ که‌مه) کورده‌کان ده‌بێ چ بکه‌ن؟

له هه‌لومه‌رجێکی ئه‌وتۆدا بۆ کورده‌کان ته‌نیا یه‌ک ڕێگا ده‌مێنێته‌وه، ئه‌ویش بریتییه له‌وه که یه‌ك بگرن و به‌هه‌موو هێزیانه‌وه دیفاع له خۆیان بکه‌ن. به ئاشکرا ده‌بێ بڵێین که ئه‌مجاره باسی ئاشبه‌تاڵ و خۆبه‌ده‌سته‌وه‌دان له گۆڕێدا نیه. به‌ربه‌ره‌کانێ و خۆڕاگریی گه‌لی کورد له‌شار و دێدا هه‌ر درێژه‌ی ده‌بێ و له ته‌واوی شێوه‌کانی خه‌باتیش که‌ڵك وه‌رده‌گیرێ. ئه‌مرۆ جووڵانه‌وه‌یه‌کی به‌ته‌واوی سازماندراو به ڕێبه‌رایه‌تییه‌کی شۆڕشگێڕه‌وه له کوردستان له گۆڕێدایه...»

باوه‌ڕبه‌خۆیی و پشتئه‌ستووربوون به هێزی شۆڕش له‌و تایبه‌تمه‌ندییه شۆڕشگێڕانانه‌یه که به ته‌واوه‌تی له بیر و کرده‌وه‌ی دوکتور قاسملوودا ڕه‌نگی دابووه‌وه، بۆیه له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که پسپۆڕانه که‌ڵکی له هه‌موو فاکته‌ره ده‌ره‌کی و ناوه‌کییه‌کان بۆ پێشخستنی شۆڕش وه‌رده‌گرت و خاوه‌نی دیپلۆماسییه‌کی به‌هێز بوو بۆ پێکهێنانی پێوه‌ندی و دۆستایه‌تی له‌گه‌ڵ هێزه کوردستانی، ئێرانی، ناوچه‌یی و جیهانییه‌کان، به‌ڵام له پێشدا گرینگایه‌تی به هێز و وزه‌ی نه‌ته‌وه‌که‌ی ده‌دا و ده‌یگوت: «له‌پێشدا، بابایه‌خ به هێزی بێ‌پایانی گه‌لی کورد بده‌ین و له خۆمان و خه‌باتی خۆمان دڵنیا بین و وه‌ك عامڵێکی سه‌ربه‌خۆ له‌مه‌یدانی سیاسیی وڵاتدا خۆ بنوێنین، ئه‌و کاته پشتیوانمان زۆر ده‌بێ و هه‌لومه‌رجی سه‌رکه‌وتن باشتر ئاماده ده‌بێ»

دوکتور قاسملوو هه‌م به پێی پێگه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌که‌ی و هه‌م به‌پێی پێگه زانستی و سیاسییه‌که‌ی ده‌یتوانی شوێن و جێگایه‌تی باشتر و به‌رزتری له ده‌سه‌ڵاتی ئێران یا خود لانیکه‌م له ئه‌ورووپا هه‌بێ، به‌ڵام ده‌بینین به‌وپه‌ڕی له‌خۆبوردوویی و به گیانێکی شۆڕشگێڕانه‌وه له کوردستان و چیا سه‌رکه‌شه‌کانی ده‌مێنێته‌وه و باوه‌شی قه‌ندیل و هاوڕێتی پێشمه‌رگه و ژیانی دژواری پارتیزانی هه‌ڵده‌بژێرێت، دوکتور قاسملوو گه‌لێك جار و به ڕاشکاوی باس له ئامانجه‌کانی خۆی و حیزبی دێموکرات ده‌کات و جه‌ماوه‌ری بوونی ئه‌و ویستانه ده‌خاته ڕوو، بۆ نموونه له کاتی وتوویژ له‌گه‌ڵ دیپلۆمات تیرۆریسته‌کانی کۆماری ئیسلامی له وییه‌ن له وڵامی نوێنه‌رانی ئێراندا که داوا ده‌که‌ن واز له خودموختاری بێنێ ده‌ڵێ: «ئه‌وه‌یان مومکین نیه که وشه‌ی خودموختاری چاوپۆشی لێ بکرێ. ئه‌م وشه‌یه بۆ نه‌ته‌وه‌ی کورد واتایه‌کی عاتیفی و مێژوویی هه‌یه. ئه‌م وشه‌یه سه‌مبولێکه».

یان جارێکی دیکه و له وتوویژ له‌گه‌ڵ «عاتفه‌ی گورگین»دا ده‌ڵێ: «ئێمه له‌وباوه‌ڕه‌دایین پاش تاقیکردنه‌وه‌ی دوو سه‌ره‌ڕۆیی توندوتیژ واته سه‌ره‌ڕۆیی پاشایه‌تی و سه‌ره‌ڕۆیی ڕێژیمی خومه‌ینی کاتی ئه‌وه هاتووه که ڕژیمێکی دێموکراتیك له ئێران دابمه‌زرێ، ئێمه ئاماده نین له‌گه‌ڵ هیچ هێزێکی لایه‌نگری دیکتاتۆری هاوکار بین و هه‌ر له بنه‌ڕه‌تدا هه‌ر چه‌شنه دیکتاتۆرییه‌ك ڕه‌د ده‌که‌وینه‌وه. ئێمه ده‌مانه‌وێ بۆ هه‌تاهه‌تایه کۆتایی به کۆبوونه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵات له تاران بێنین». ئه‌مانه و گه‌لێك نمونه‌ی دیکه پیشانده‌ری ئه‌و ڕاستییه‌ن که سه‌رهه‌ڵدانی دوکتور قاسملوو به دوور بووه له هه‌رچه‌شنه مه‌به‌ستێکی تاکه‌که‌سی، یاخی بوون بووه له ده‌سه‌ڵاتی سه‌ره‌ڕۆیی و سه‌رهه‌ڵدان بووه له پێناو دابین و ده‌سته‌به‌ربوونی هه‌ندێك ئامانجی گشتی و به‌تایبه‌تی مافه پێشێلکراوه‌کانی نه‌ته‌وه‌ی ژێر ده‌ستی کورد.

له کۆتاییدا ده‌توانین بێژین لێهاتوویی سیاسی، ئینسیاتیڤ و باوه‌ڕی قایمی د.قاسملوو به خه‌بات و ڕێبازه‌که‌ی که‌سایه‌تییه‌کی شێلگیر و خولقێنه‌ری لێ دروست کردبوو که دژوارترین قۆناغه‌کانی خه‌باتیش ئه‌ژنۆیان شل نه‌کرد و نه‌سره‌وتوو و لێزانانه به‌سته‌ڵه‌کی بێهیوایی ده‌شکاند و ڕێگای نوێ ده‌کرده‌وه. له هه‌مان کاتدا ئه‌م که‌سایه‌تییه نه‌سره‌وتووه باندۆرێکی ئه‌وتۆی له سه‌ر خه‌باتی حیزب و نه‌ته‌وه‌که‌ی دانا که وانه‌ی نه‌سره‌وتن و به‌رخودانی کرده هێمای مانه‌وه و هه‌وێنی سه‌رکه‌وتن.

**سه‌رهه‌ڵدانی دوکتور قاسملوو به دوور بووه له هه‌رچه‌شنه مه‌به‌ستێکی تاکه‌که‌سی، یاخی بوون بووه له ده‌سه‌ڵاتی سه‌ره‌ڕۆیی و سه‌رهه‌ڵدان بووه له پێناو دابین و ده‌سته‌به‌ربوونی هه‌ندێک ئامانجی گشتی و به‌تایبه‌تی مافه پێشێلکراوه‌کانی نه‌ته‌وه‌ی ژێر ده‌ستی کورد**

# ڕێکخراوه خوێندکارییه‌کان و پرسی نه‌ته‌وه‌یی

■ ره‌حمان ئه‌میری

ڕۆژی ١٨ی پووشپه‌ڕی ئه‌مساڵ شاهیدی دامه‌زراندنی «فێدراسیۆنی خوێندکارانی خۆرهه‌ڵاتی کوردستان» بووین، هه‌ڵبه‌ت له بارودۆخی هه‌ستیاری ئه‌مرۆی کۆمه‌ڵگای ئێران به‌گشتی و کۆمه‌ڵگای کوردستان به‌تایبه‌تی هه‌وڵدان بۆ به‌رێکخراوه‌ییکردنی گشت چین و توێژه‌کانی جڤاکی کورد، ئه‌رك و پێویستییه‌کی گه‌لێك به‌جێیه. دروستبوونی فێدراسیۆنی خوێندکارانی خۆرهه‌ڵاتی کوردستانیش یه‌کێك له‌و زه‌رووره‌ت و پێویستییه‌یانه‌ی ئه‌مڕۆی کۆمه‌ڵگای کوردییه که سه‌رجه‌م ڕێکخراوه خوێندکارییه‌کان له ده‌وری پلاتفۆرمێکی خوێندکاری بۆ کۆمه‌ڵێك کاری هاوبه‌ش و بۆ زیاتر کاناڵیزه‌کردنی خواسته خوێندکارییه‌کانی خوێندکاری کورد کۆ ده‌کاته‌وه.

هه‌وڵ و ته‌قه‌لای خوێندکاری کورد چ له سه‌رده‌می ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و چ پێش ئه‌و سه‌رده‌مه‌ش ئه‌و ڕاستییه‌ی بۆ هه‌مووان ده‌رخستووه که بێ‌پسانه‌وه و بێپشوودان، وه‌کوو توێژێکی خاوه‌ن هزر و ده‌روه‌ست به ویسته سیاسی و نه‌ته‌وه‌ییه‌کانی گه‌له‌که‌یان، ده‌ورێکی گرینگ و شوێندانه‌ریان به‌گشتی له بزاڤی ئازادیخوازی کورددا گێڕاوه و له هه‌مان کاتدا ئه‌رك و به‌رپرسیاریه‌تی قورسی ڕۆشنگه‌ری تاك و کۆمه‌ڵگای کوردیان له سه‌ر شان بووه.

له دوای سه‌رهه‌ڵدانی شۆڕشی گه‌لانی ئێران له ساڵی ١٣٥٧ی هه‌تاویدا، چالاکی خوێندکار وه‌ك سه‌رجه‌م چالاکییه جۆراوجۆره‌کانی کۆمه‌ڵگای ئێران له لایه‌ن ڕێژیمی تازه به ده‌سه‌ڵاتگه‌یشتووه‌وه سنووردار و له کۆتاییدا سه‌رکوت کرا. بێگومان چالاکوانانی خوێندکاری کوردیش له‌و سه‌رکوت و زه‌بر و زه‌نگانه بێبه‌ش نه‌بوون. به‌ڵام له کۆتاییه‌کانی ده‌یه‌ی ٦٠ی هه‌تاوی کۆمه‌ڵێك هۆکار بوونه هه‌وێنی سه‌رهه‌ڵدان و ده‌رکه‌وتنی چالاکی خوێندکاری کورد که ده‌کرێت ئاماژه به یادکردنه‌وه‌ی ساڵانه‌ی کاره‌ساتی کیمیابارانی هه‌ڵه‌بجه له زۆربه‌ی زانستگاکان و هه‌روه‌ها به‌رزبوونه‌وه‌ی ڕێژه‌ی وه‌رگیرانی خوێندکاری کورد له گشت زانکۆکانی ئێران و هه‌ست به «مه‌غدووریه‌ت» و بێبه‌شی گه‌له‌که‌یان و هه‌روه‌ها ئاڵوگۆڕه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان به‌گشتی له ئێراندا بکه‌ین. لێره‌دایه ئه‌م هۆکارانه ده‌بنه سه‌رتایه‌ك بۆ بێچمگرتن و هاتنه‌مه‌یدانی خوێندکارانی کورد وه‌کوو ڕه‌وتێکی سه‌ربه‌خۆ و جیاواز.

هه‌ر له هه‌نگاوی یه‌که‌می بووژانه‌وه‌ی چالاکی خوێندکاری کورد به هۆی تایبه‌تمه‌ندی دۆخی سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووریی خه‌ڵکی کوردستان، گوتاری خوێندکاری، ڕه‌نگ و وێنایه‌کی نه‌ته‌وه‌یی به خۆوه ده‌گرێت. له ڕاستیدا گه‌ڕان به دوای شوناسی نه‌ته‌وه‌یی نه‌بێته گوتاری زاڵ به سه‌ر چالاکانی خوێندکاری کورد.

زۆرێك له خاوه‌ن ڕایان پێیان وایه بزاڤی خوێندکاری کورد به‌رهه‌می هه‌لومه‌رجی نه‌ته‌وه‌یی و ڕه‌وشی تایبه‌ت به خۆ و ڕه‌نگدانه‌وه‌ی وشیاری خودئاگایی نه‌ته‌وه‌یی کورده، هه‌ربۆیه بزووتنه‌وه‌ی خوێندکاری کورد له کوردستان، به درێژه‌ده‌ری به‌شێك له بزاڤی ڕووناکبیری کورد له قه‌ڵه‌م ده‌درێت. بێ‌شك ڕیشه‌ی سه‌ره‌کی چێبوونی وشیاری نه‌ته‌وه‌یی و مۆدێڕنبوونی خواسته نه‌ته‌وه‌ییه‌کان له کوردستانی ڕۆژهه‌ڵات، ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ سه‌رده‌می دامه‌زراندنی کۆمه‌ڵه‌ی ژ ـ ك و دروستبوونی حیزبی دێموکرات.

بۆ سه‌لماندنی ئه‌م قسه‌یشمان ده‌کرێ ئاماژه به ناردنی کۆمه‌ڵێك خوێندکار له لایه‌ن به‌رپرسانی کۆماری کوردستان بۆ شاری باکووری ئازه‌ربایجان به مه‌به‌ستی درێژه‌دان به خوێندن و هه‌روه‌ها بایه‌خدانی تایبه‌تی پێشه‌وای نه‌مر و ڕێبه‌رانی ئه‌و کاتی حیزبی دێموکرات به توێژی خوێندکار به‌گشتی و پرۆسه‌ی خوێندن و په‌روه‌رده له کوردستان به‌تایبه‌تی بده‌ین. پاش ئه‌زموونی کۆماری کوردستان، ئێمه له دیرۆکی بزووتنه‌وه‌ی خوێندکاری کورددا شاهیدی به‌رخۆدانی پڕشنگداری ١٨ مانگه‌ی جوڵانه‌وه‌ی ٤٧ ـ ٤٦ ه، کۆمه‌ڵێك خوێندکاری کورد وه‌ك شه‌هید سمایل شه‌ریفزاده و هاوڕێیانی که هه‌نووکه «سمایل شه‌ریفزاده به هێمای خوێندکاری کورد» ناسراوه بووین. لێره‌دا ئه‌و ڕاستییه‌مان بۆ ده‌رده‌که‌وێت پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، خوێندکارانی کورد هه‌رده‌م ئاماده‌ن ئه‌رکی ڕێبه‌ریکردن و هه‌وڵدان بۆ به‌ئاکامگه‌یاندنی ڕه‌وتی بزاڤی ئازادیخوازی کورد جێبه‌جێ بکه‌ن. به‌ڵام له کۆتایی ده‌یه‌ی ٦٠ی هه‌تاوی و سه‌ره‌تای ده‌یه‌ی ٧٠ ی هه‌تاوی دیسان ده‌بینین به بۆنه‌گه‌لی جۆراوجۆر و به شێوه‌ی جیاواز، خوێندکارانی ده‌روه‌ستی کورد هه‌مان ڕێبازی پێشووی خه‌باتکاری خوێندکار ده‌گرنه‌به‌ر، ئه‌ویش به به‌ڕێوه‌بردنی شه‌وه شێعر و کۆنفرانس و ده‌رکردنی گۆڤار و نامیلکه‌ی تایبه‌تی خوێندکار و یادکرنه‌وه‌ی ساڵانه‌ی کاره‌ساتی هه‌ڵه‌بجه و له بنه‌ڕه‌تدا زۆربه‌ی بڵاڤۆکه خو یند کا رییه کا ن ده‌نگدانه‌وه‌ی خواسته به‌ر هه‌قه‌کانی نه‌ته‌وه‌یی کورده.

گۆ ڕ ا نکا رییه سیاسییه‌کان له دوای ساڵی ٨٠ی هه‌تاوییه‌وه، کاریگه‌ریی ڕاسته‌وخۆی له سه‌ر پرسه جۆراوجۆره‌کان داده‌نا، له ڕووی نێوخۆییه‌وه ده‌بینین پرسی ئیسلاحخوازی له ئێراندا به کرده‌وه شکستی خوارد و ستراتژیکی سیاسیی ئێران زیاتر به‌ره‌و سه‌رکوت و زه‌بروزه‌نگ هه‌نگاوی ده‌نا. له پاش شه‌ڕی سێهه‌می که‌نداو و ڕزگارکردنی باشووری کوردستان و ده‌ستبه‌به‌ربوونی به‌شێك له مافه نه‌ته‌وه‌ییه‌کانی ئه‌م پارچه‌یه، ڕاسته‌وخۆ کاریگه‌ری له‌سه‌ر پارچه‌کانی دیکه داده‌نێت، له‌م دۆخه‌دا بوو که خوێندکارانی کوردستانی ڕۆژهه‌ڵات نیشته‌جێی باشووری کوردستان، به هه‌ستکردن به زه‌رووره‌تێك له باشووری کوردستان له ساڵی ١٣٨٣ی هه‌تاوی «یه‌کیه‌تیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران»یان دامه‌زراند و له نێوخۆی کوردستانی ئێرانیش بۆ گشتگیرکردنی خواسته‌کانیان و بۆ جیاکردنه‌وه‌ی یه‌کجاره‌کی ڕه‌وتی تێکۆشانی خۆیان له ساڵی ١٣٨٤ ی هه‌تاوی «یه‌کیه‌تی خوێندکارانی دێموکراتیکی کورد»یان دامه‌زراند که دامه‌زراندنی ئه‌م ڕێکخراوه به هه‌نگاوێکی گرینگ له بزاڤی خوێندکاری کورد داده‌نرێت.

دامه‌زراندنی فێدراسیۆنی خوێندکارانی خۆرهه‌ڵاتی کوردستانیش له‌م قۆناغه‌ی بزووتنه‌وه‌ی خویندکاری به هه‌نگاوێکی گرینگ دێته ئه‌ژمار، چوونکه به هۆی گوشارێکی زۆری به‌رپرسانی ده‌وڵه‌تی کۆماری ئیسلامی و به‌تایبه‌تی کاربه‌ده‌ستانی زانستگا بۆ سه‌ر چالاکوانه خوێندکارییه‌کان و ئه‌ستێره‌دارکردنی خوێندکارانی جیابیر و بێبه‌شکردنیان له وانه‌کانی خوێندن، ئه‌رکێکی قورستر بۆ کاناڵیزه‌کردنی خواسته خوێندکارییه‌کان له کوردستانی ڕۆژهه‌ڵات ده‌که‌وێته ئه‌ستۆی.

# تیرۆری ئاشتی، تیرۆری ڕێگەچارەی عەقڵانی

■ ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

٢٣ ساڵ پاش تیرۆری دوکتور قاسملوو، ئەو پرسیارە کە چ خوێندنەوەیەك بۆ هاوکێشەکانی ئێران و کوردستان ئەو ڕێبەرە ناوادارەی گەلی کوردی بەو قەناعەتە گەیاند کە بچێتە سەر مێزی وتوویژێك لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کە بوو بە هۆی تیرۆرکرانی، هێشتا جێگای باس و لێکدانەوەیە. د.قاسملوو وێڕای ئەوەی کە هەر لە سەرەتای شۆڕشی خوێناوی گەلی کورد دژی کۆماری ئیسلامی هەمیشە جەختی لەسەر ئەو ڕاستییە کردبووەوە کە «ئێمە شەڕ بۆ شەڕ ناکەین، شەڕ بۆ ئاشتی دەکەین» و «ئێمە لە هیچ حاڵەتێکدا وتوویژ ڕەد ناکەینەوە»، واتە جگە لەو باوەڕە قووڵ و بنەمایییەی کە بە وتوویژ و ئاشتی هەیبوو، خوێندنەوەیەکی تایبەتیشی بۆ هاوکێشە سیاسییەکانی نێوخۆی ئێران و دەرەوەی ئێران لەو قۆناخە زەمەنییەدا هەبوو کە وتوویژە تراژیکەکەی تێدا بەڕێوەچوو.

**لاوازبوونی پێگەی کۆماری ئیسلامی**

کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق یەکێك لە گرینگترین خاڵە وەرچەرخانەکانی هاوکێشەکان بوو. دوکتور قاسملوو پێی وابوو و ئیستدلالی دەکرد کە بە هۆی کۆتاییهاتنی ئەو شەڕەوە، پرس و ئاریشە نێوخۆییەکانی ئێران لە بوارە جیاجیاکاندا زەقتر دەبنەوە و ئیتر پاساوی شەڕ لەگەڵ وڵاتێکی دراوسێ نامێنێ تا ئەو پرس و ئاریشانەی پێ پەردەپۆش بکەن. ئەو ئاماژەی بە زۆربوونی حەشیمەتی ئێران و لەدایکبوونی نەوەیەکی نوێ لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران دەکرد و دەیگوت ئەگەر تا دوێنێ ئەوە زیاتر خەڵکی کوردستان بوون کە کۆماری ئیسلامییان قبووڵ نەبوو، لەدوای کۆتاییهاتنی ئەو شەڕەوە، خەڵکی سەرانسەری ئێرانیش بیر لە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان دەکەنەوە و خوازیاری باشبوونی بارودۆخی ئابوورییان دەبن. هەروەها پێی وابوو پرسی نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران کە کەوتبووە ژێر سێبەری ئەو شەڕەوە، بەرچاوتر دەبێ و لە داهاتوودا کۆماری ئیسلامی بە چالێش دەکێشێ و فاکتیشی لە نەتەوەی بەلووچ دەهێنایەوە کە لە ساڵی ١٣٦٤ەوە بەکردەوە و لە پێناو داخوازییە نەتەوەییەکانی تەنانەت شەڕی چەکدارییان لەپێش گرتبوو. خاڵێکی دیکە کە دوکتور قاسملوو لە وتوویژەکانیدا جەختی لەسەر کردەوە، مردنی خومەینی بوو. لەم بارەوە پێی وابوو ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بە مەرگی ئەو، تەمەنی لە شەووڕۆژێکدا ئاوا نابێ، بەڵام قەیرانی ڕێبەری کاریزماتیك کە یەکێك لە کۆڵەکانی ئەو سیستمە بوو، بۆ ڕێژیم دروست دەبێ. لە ئاستێکی بەرینتری جیهانیشدا، شۆرەوی وەکوو گەورەترین نموونەی سیستمی سیاسیی ڕۆنراو لەسەر ئیدئۆلۆژی و تۆتالیتاریزم گۆڕانی قووڵی بەخۆیەوە بینیبوو و ئەو چاوەڕوانییەی لە لای شارەزایانی سیاسەت دروست ببوو کە وڵاتانێك وەك ئێرانیش کە لە بەرگی ئیدئۆلۆژییەکی دیکەدا خاوەنی سیستمێکی لێکچوو بوون، تووشی قەیران ببن کە هەر وایشی لێهات. بەگشتی دوکتور قاسملوو پێی وابوو کۆڵەکە فیکری و سیاسییەکانی ئەو ڕێژیمە کەوتوونەتە لەرزین و ئەمەیش پێگەی ڕێژیم لە بەرامبەر هێزە دێموکراسیخواز و ئازادیخوازەکانی ئێران لاواز دەکات.

**بەهێزبوونی پێگەی حیزبی دێموکرات**

دوکتور قاسملوو بە درێژایی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، بەردەوام پێشوازی لە کۆتاییهاتنی ئەو شەڕەماڵوێرانکەرە دەکرد و پێی وابوو لەو حاڵەتەدا، خەباتی خەڵکی ئێران لە پێناو دێموکراسی بەگشتی و خەباتی خەڵکی کوردستان بەگشتی لە ژێر سێبەری ئەو شەڕە دێنە دەرەوە و جیهانی دەرەوە بە گرینگییەکی پترەوە لەو خەباتە نێوخۆییانە دەڕوانن. هەروەها لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بۆ چەندین کۆنگرەی یەك لەدوای یەکی پێش لە ساڵی ١٣٦٨ باسی کردووە کە هێزی پێشمەرگە لە مەیدانی بەربەرەکانێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ڕۆژ بە ڕۆژ بە بیروباوەڕتر و ڕێکخراوتر و شارەزاتر دەبێ و سەربازەکانی ڕێژیم ڕۆژ بە ڕۆژ بیروباوەڕیان بەو ڕێژیمە زیاتر لەدەست دەدەن و ئیدی ئامادە نین کە وەك سەرەتاکانی پاش شۆڕش، چاویان بە رووی ڕاستییەکان بنووقێنن و گوێ بۆ هەر فەرمانێکی وەلی فەقیە شل بکەن، واتە پێی وابوو باڵانسی شەڕ لە کوردستان بە تێپەڕینی کات زیاتر و زیاتر بە لای خەڵکی کوردستان و بە زیانی هێزەکانی ڕێژیم دەشکێتەوە. هەروەها بە سەرنجدان بەوەی کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە لایەکەوە زیاتر رووی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی و لە لایەکی دیکەوە رووی ئاشتیخوازانە و دێموکراسیخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێرانی بۆ دەرکەوتبوو و بە سەرنجدان بە زیاتربوونی بڕەوی حیزبی دێموکرات لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە سوسیال دێموکراتەکانی ئورووپایشدا، ئەو ڕێبازە سیاسی و بیرۆکەییەی کە لەو کاتەدا لە لووتکەی دەسەڵاتی وڵاتانی ئورووپاییدا بوو، دوکتور قاسملوو ئارگۆمێنتی دەهێنایەوە کە پێگەی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا لە بەراورد لەگەڵ جاران بەهێزتر بووە.



**ئاشتیخوازی لە بەرامبەر تیرۆریزمدا**

دوکتور قاسملوو بە خوێندنەوەیەکی عەقڵانی لە هاوکێشە نێوخۆیی و دەرەکییەکان، هاتبووە سەر ئەو باوەڕە کە کۆماری ئیسلامی یان ڕێگەی وتوویژ دەگرێتە بەر و بیر لە چارەسەریی کێشە نێوخۆییەکان دەکاتەوە یان ڕێگەی شەڕ درێژە پێدەدا و بۆ هەمیشە لە قەیراندا دەژی و ئێران بەرەو ماڵوێرانی زیاتر و زیاتر دەبات. خوێندنەوەیەکی درووست و بەرهەست کە لە وتوویژە تراژیکەکەی ١٣ی ژوئیەی ڤیەندا بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ لایەنی بەرامبەری کە لە بەرگی دیپلۆمات دەرکەوتبوون، شی کردەوە. دوکتور قاسملوو کاتێك پەیامی وتوویژی لە تارانەوە پێ گەیشت، تا رادەیەکی زۆر بەوە هیوادار بوو کە ڕێژیم ڕێگای یەکەم هەڵدەبژێرێ و لەوانەیشە بەشێك لەو کەمتەرخەمییەی کە بەنیسبەت پاراستنی ئاسایشی شوێنی وتوویژەکە کردی، هەر لەو خوێندنەوەوە سەرچاوەی گرتبێ یان لانیکەم لە پاراستنی دەزگا ئەمنییەتییەکانی دەوڵەتی ئۆتریش دڵنیا بووبێ. کۆماری ئیسلامی ڕێگای هەمیشەیی خۆی، واتە تیرۆری هەڵبژارد و ڕێبەری ناوداری کوردی تیرۆر کرد، بەڵام بێئاگا بوو لەوەی کە بیر و ئەندێشەکانی قاسملوو هەروا لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا زیندوو دەمێننەوە و خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە تیرۆریستە لە پانتاییەکی بەرینتر و گشتگیرتردا بەڕێوە دەچێ.

# پەروەردەیەکی نەهادینەکراو یان سناریۆیەکی لەپێشداداڕێژراو

■ سەلیم زەنجیری

وا دیارە ئەستێرەی بەختی ڕێژیم لەو ماوەیەدا نەك هەر لە بیاڤی سیاسیدا، بەڵکوو لە بوارەکانی دیکەشدا روو لە کزی و تاریکی کردووە و ڕۆژ نیە کە لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە پانوبەرینەدا پیلانێك، رسواییەك، بێ ئەخلاقی و دڕەندەییەکی بەرپرسان و دیپلۆماتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا نەکرێت و پەردە لەسەر جینایەتەکانیان هەڵنەدرێتەوە.

ڕێژیمێك کە هەواڵی بەدڕەوشتی و «منداڵ بازی» بەرپرسانی لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان بەتایبەتی لەم دواییانە لە ئاڵماندا بووەتە ڕۆژەڤ و پێخۆرێك بۆ میدیا و ڕاگەیەنە گشتییەکان، لە کەماڵی بێ ئەدەبی و لەوپەڕی بێشەرمیدا سەرەڕای پەردەپۆش و شاردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە، ئەو بەدڕەوشتییانە بە پیلانی دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاوا یان بە جیاوازی فەرهەنگی ناو دەبات.

بەڵێ، ئەمەیە پەیام و ریسالەتی ڕێژیمێك کە ٣٣ ساڵە خۆی لە ژێر دەمامکی دین، ئیمان و دادپەروەریدا حەشار داوە و ئیدعای مودیرییەتی جیهان و نوێنەرایەتیی خوا لە سەر زەوی دەکات. ڕێژیمێك کە لە بازگە و سەیتەرەی ئیدئۆلۆژیکی خۆیەوە دەیان دیاردەی قیزەون و ناشایستی خزاندۆتە نێو کۆمەڵگا و بە نەهادینە و سیستماتیککردنیان کە بوونەتە بەشێکی جیانەکراوە لە سیاسەتەکانی، شەرعییەت بە کارە نامرۆڤی و ناڕەواکانی دەدات.

ڕێژیمێك کە دەبینین ژیانی کچان و ژنانی وڵاتەکەمانی تاڵ کردووە و بە بیانووی «بەدحجابی» ڕۆژانە سووکایەتییان پێ دەکات و دەیانخاتە نێو گرتووخانە سەدە نێوەڕاستییەکانی و بە ئەمری ڕێبەر و وەلی فەقیهی ڕێژیم دەستدرێژییان دەکرێتە سەر یان ئەوەی کە بە تاوانی پێوەندیی جنسی (پێچەوانەی شەرع) سزای لاوان و هاووڵاتییانی ئێران دەدات و زۆر کردەوەی ناشایست و دوور لە ڕەوشتی مرۆڤایەتی وەکوو بەردباران، ئێعدام، بڕینی ئەندامانی لەش، سووکایەتی و ... هتد لە دژیان پەیڕەو دەکات، بەڵام دەرکەوتووە کە چلۆن خۆی نوقمی بەدڕەوشتی و جینایەتەکان بووە و بەرپرسانی هەر ڕۆژێك زیاتر لە پێشوو نێوەرۆکی دژی مرۆیی ئەو دێوەزمە بۆ جیهانیان ئاشکرا دەکەن.

> **ڕێژیمێک کە دەبینین ژیانی کچان و ژنانی وڵاتەکەمانی تاڵ کردووە و بە بیانووی «بەدحجابی» ڕۆژانە سووکایەتییان پێ دەکات**

ڕێژیمێك کە بەرپرسانی نەساخی، لە دەستدرێژی جنسی وەکوو ئەبزارێکی نەهادینەکراوی سەرکوت بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانیان لە دژی کچان، ژنان، لاوان و جیابیرانی وڵاتەکەمان کەڵك وەردەگرن، ماوەیەکە سنووری بەدڕەوشتی و بێبەزەییان ئێرانیشی تێپەڕاندووە و بەرۆکی منداڵانی بێ گوناحی وڵاتانی دیکەی گرتووە و بەم کار و کردەوە و سیاسەتە، سەرەڕای نیشاندانی رووی ڕاستەقینەی خۆی کە مزگێنیدەری تاریکی، مەزهەری جینایەت ە ستەم و ئیلهامدەری فەساد، دەستدرێژی و دزییە، کەرامەتی خەڵکی ئێران و تەنانەت ئایینی ئیسلامیان بردۆتە ژێر پرسیارەوە. بۆیە پاساودان یان هەوڵی شاردنەوەی ئەم بێ ڕێزییانە، هەوڵدانێکی بێسوودە و چیتر ناتوانێ دەست بەسەر کڵاوی بابردووی ڕێژیمێکدا بگرێ کە لە ژێر عەبای ڕێبەری و عەمامەی ئاخوندی و حکوومەتە ئیسلامییەکەیدا بەدڕەوشتی، جینایەت و ستەم هاوار دەکا و هەر سنوورێکی بەزاندووە.

## جووت حەوت

**هەوراز**

ـ موحسن ڕەفیقدووست، کۆنەپاسداری میلیاردر گوتوویە: «لە خوامان دەوێ ئیسراییل شتێك بۆمان فڕێ بدات تا بە چاوی خۆی ببینێ چلۆن لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا لە سەر گۆی زەوی دەیسڕینەوە».

ئەو قسانە لە کاتێکدایە ڕەفیق ئەسەد لە دێمەشق گیرۆدەی چارەنووسێکی نادیارە و تەشتە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لە گەرووی هۆرمۆز تەنگیان بەو هێزی دەریاییەی پاسداران هەڵچنیوە کە بڕیار بوو تا ٣ کیلۆمێتریی نیۆیۆرك بچێت و راوی قرژاڵ و قربۆقی کارابیب بکات.

ـ گەورەترین پاسداری جیهان، سەرلەشکری بەسیجی و پزیشکی ئاژەڵ، سەردار حەسەن فیرووزئابادی، گوتوویە: «ئێمە نامانهەوێ گەرووی هۆرمۆز دابخەین، بەڵام گەڵاڵەمان بۆ داخستنی هەیە».

شایانی باسە شاتر ئەولەسەنی ڕەحمەتیش نەیدەویست ببێتە جێگری بان کی مۆن، یان سکرتێری ناتۆ، بەڵام گەڵاڵەی بۆ هەموو ئەو کارانە لە توورەکەدا بوو، هەر بۆیە گەڵاڵەکانی لە مۆم گرتبوو و ئێستاشی لەگەڵدا بێت دەیانخاتە نێو گۆزەڵە و ئاویان هەڵدەقوڕێنێ.

سەرلەشکری ئاژەڵەوان هەروەها دەڵێ: «بڕیاری داخستنی گەرووی هۆرمۆز لە لای موقامی موعەززەمی ڕەهبەرییە».

موقامی موعەززەم ئەگەر ئازا بوایە گەرووی ئەحمەدی نژادی دادەخست کە تا زار دەکاتەوە، سەرتاپێی بەیتی ڕێبەری دێنە هەشۆکان و ڕەنگیان دەگۆڕێ.

کاکە! واز لەو گەرووی هۆرمۆزە بێنن با گەرووی خۆتان پڕ نەکەن لە قورقوشمی ئەمریکایی و قیری کوڵاوی سعوودی. ئەگەر دەتانهەوێ ددان لە دەمتاندا بمێنێ و «ژنراڵ ماتیس» نەیهاڕێ، کاتێك بیر لە باشووری بەندەر عەباس دەکەنەوە پەڕۆیەکی دەم پڕکەر بئاخننە گەرووی خۆتان و بیر لە هیچ گەروویەکی دیکە مەکەنەوە. پەندی پێشینیان گوتەنی:» دەمتان بوەستێ با سەرتان سڵامەت بێت» لە خۆتان گەڕێن!

ـ ئاخوند مەلا عەلی سەعیدی، نوێنەری خامنەیی لە سپای پاسداران گوتوویە: «ئێمە لە هەلومەرجی هەستیاری دەقیقەی ٩٠ و لە بەرەبەری دەسبەسەرداگرتنی خێوەتی موعاویەداین».

هەڵبەت نازانم پێوەندیی نێوان فووتباڵ و عادڵ فردەوسیپوور لەگەڵ موعاویە و خیوەتەکەیدا چییە، یان عەلی سەعیدی ئاخرەکەی خۆی بە عەلی کەریمی دەزانێ یان بە ئەبوو موسا ئەشعەری، بەڵام هەرچی کە هەیە، تا من لە بیرم دێت، هەمیشە کاتێك کە هیوا بە دەقیقەی ٩٠ بووە، «خالیدالموالید» یان «حسین عبدالغنی» یان تەنانەت «اسماعیل مگر»ی ئیماراتی لە عەلی دایی و تەنانەت ڕەزازادەش جەرگبڕتر و ئازاتر بوونە، چوونکە ئەوان هەمیشە کەسی وەك «هانری میشل» راهێنەریان بووە و ئەمانیش کەسانی وەك «پاسدار مایلی کۆهەن» راهێنەر و ئوستاد ئەسەدی هێڵی بەرگریکاریان بووە.

# عەرەبستان براوەی شەڕی نەوت دژی ئێران

■ عەبدولڕەحمان راشد
■ و. لە ئینگلیزییەوە: ڕێبین

ڕەنگە هەمووی ئێمە لەوە ئاگادار بین کە ئێمە لە ڕاستیدا لە ناخی شەڕێکداین کە ناکرێت براوەی سیاسی، ئەمنییەتی و سەربازییەکەی پێش‌بینی بکەین. هێزە سەربازییەکانی عەرەبەکان، ئامریکاییەکان و ئێرانیەکان لە ناوچەی کەنداو لەوپەڕی ئامادەبیدان. شەڕ دژی هەناردەی نەوتی ئێران دەمێکە دەستی پێکردووە.

وێدەچێت کە یەکەمین خول سەکۆی ئەم تێکهەڵچوونە ترسناکەی نێوان ئێران و عەرەبستان، دوو زلهێزی هەناردەکەری نەوت، بە قازانجی عەرەبستان کۆتایی پێ بێت. عەرەبستان بێ لەبەرچاوگرتنی هۆشداری ئێران لەمەڕ دەربڕینی ناڕەزایەتی سەبارەت بە پڕکردنی کەمبوونی خستنەبازاڕی نەوت لە ئاکامی نەبوونی حزووری ئێران لە بازاڕی جیهانیدا، درێژە بە بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی دەدات. سەرەڕای ئەمانەش ئێران نە بوێری ئەوەی هەیە کە گەرووی هۆرموۆز دابخات و نە ئەوەی کە هێرش یا هەڕەشەیەك بێت بۆ سەر بنکە و دامەزراوە نەوتییەکانی شوورای هاوکاری کەنداو.(٦٢٢)

لە حەوتووەکانی ڕابردوودا گەمارۆ نەوتییەکانی ڕۆژئاوا دژی ئێران دەستی پێکرد. بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی ئێرانییەکان نرخی نەوت نەگەیشتە ئاستی هەر بەرمیلێك ٢٠٠ دۆلار. ڕێبەرانی ئێران وا بیریان دەکردەوە کە چوونە سەرەوەی نرخی نەوت دەتوانێت جیهان ناچار بکات کە لە بیرۆکەی قەدەغەکردنی هەناردەکردنی نەوت وەکوو چەکێك دژی ئەم وڵاتە پاشگەز ببێتەوە. لەواقێعدا پێچەوانەی ئەمە ڕووی دا. پێش لە کردەییکردنی ئابلۆقە نەوتییەکان دژی هەناردەی نەوتی ئێران، نرخی نەوت ١٠ دۆلار دابەزی و نرخی هەر بەرمیلێك نەوت گەیشتە ٩٠ دۆلار. ئەگەرچی دواتر نرخەکان بڕێك چوونە سەرەوەی بە خۆوە بینی، بەڵام هیچکات نەگەیشتە ئەو ڕادەیە کە ئێران دەیویست.

ئەمە شتێکی ڕوونە کە نرخی نەوت گۆڕانی بە سەردا دەهات ئەگەر بەرهەمهێنەرانی نەوت خوازیاری پڕکردنەوەی شوێنی بەتاڵی بەرمیلە نەوتییەکانی ئێران نەبوایەن. وێڕای دووپاتکردنەوەی هەڕەشەکانی بەرپرسانی ئێرانی دژی عەرەبستان، گەورەترین بەرهەمیهێنەری نەوت و گشت جیهان لەمەڕ دروستبوونی ئاڵۆزیی نەوتی، نەوتی نێونەتەوەیی زیاتر لە پێویست خرایە بازارەوە. بازاڕی جیهانیی نەوت سەقامگیر مایەوە و بەرهەمهێنانی نەوت لە گۆڕەپانە سەرەکییەکانی نەوت ڕانەگیرا. عێراق هەناردەکردنی نەوتی خۆی لە بەندەری بەسرە ڕانەگرت وهەناردەکردنی لە ڕۆژی دووشەممەوە بە یەك و نیو میلیۆن بەرمیل لە ڕۆژدا دەست پێکردووە.



شەڕی نەوتی سەلمێنەری دوو شت بوو. یەکەم توانایی وڵاتانی شوورای هاوکاری کەنداو لە ڕاوەستان دژی هێژمونی ئێران و گوێنەدان بە هەڕەشەکانی، دووهەم ئەوەی کە ئێران لە چاوی وڵاتانی جیهاندا بۆتە پڵنگێکی کاغەزی. زیاتر لە یەکساڵە کە ئێران هەڕەشە دەکات لە ئەگەری پێشگرتن لە هەناردەکردنی نەوتەکەی، گەرووی هورمۆز دادەخات و بازاڕی جیهانیی نەوت بە سەر هەموو دا دەڕووخێنێ.

هیچکام لەمانە ڕووی نەدا، ئێران نە تەنیا لە هەڕەشەکای پاشگەز بووەوە بەڵکوو بەگشت جیهان بە شێوەی فەرمی ڕایگەیاند کە نایهەوێت گەرووی هورمۆز دابخات. ئێران باش دەزانێت ئەگەر ئەم کارە ئەنجام بدات لەگەڵ هێرشی سەربازی بەرەوڕوو دەبێتەوە.

بەڵام ئێران بۆ زاڵبوون بە سەر گەمارۆکان پەنای بۆ فرتوفێڵەکانی سەددام حوسێن برد کە خۆی تانکرە نەوتکێشەکان دەکرێت تا ڕاستەوخۆ نەوت بە جیهان بفرۆشێت.

دوای ئەوەی کە شیرکەتەکانی بیمە لە بیمەکردنی ئەو تانکیرە نەوتکێشانەی کە نەوتی ئێرانیان دەگواستەوە خۆیان بوارد، تانکیرە نەوتکێشە نێونتەوەییەکان، جێبەجێکردنی نەوتی ئێرانیان ڕاگرت. تەنانەت ئەم هەوڵەش کاریگەر بێت. وڵاتەکان حەزیان لە کڕینی ڕاستەوخۆی نەوت لە ئێران نییە. بۆ نموونە کێنیا دوای ئەوەی کە یەکیەتیی هەڕەشەی گەمارۆی ئابووری لە ئەگەری کڕینی نەوتی ئێران لێ کرد، ڕایگەیاند کە ئەو ٨٠٠٠٠٠ بەرمیل نەوتەی کە لە ئێران کڕیوویەتی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو وڵاتە.

پێش لەوە، بانکی ناوەندیی ئامریکا و هاوپەیمانە ئورووپاییەکانی قەدەغەکردنی کەڵکوەرگرتن لە یۆرۆ و دۆلار بۆ هەر چەشنە کڕینێك لە ئێرانیان ڕاگەیاند. ئەمەش بووە هۆی کێشەنانەوە بۆ ئێران لە بازرگانیکردن لەگەڵ جیهان و لەوانەش هێند و چین.

ئێمە لە ناوەڕاستی شەڕێکی بێ‌وێنەدا ڕاوەستاوین. شەڕێك کە چەکەکانی دۆلار، یۆرۆ و شیرکەتەکانی بیمەن. هێزە دەریاییەکانی ئامریکا بەرەو کەنارەکانی ئێران دەچنە پێشەوە و ئێرانیش هەناردەکردنی نەوتی زیاتر لە یەك میلیۆن بەرمیل لە ڕۆژدا دابەزیوە. لەمەوبەدواش زیاتر دادەبەزێت و بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی ماڵی. هەربۆیەش ڕەنگە شوکێك لە نێوخۆوە پێکهاتەی ڕێژیم وەلەرزە بخات. ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئێران ببێتە وڵاتێکی میانەڕۆ یاکوو وڵاتێکی توندئاژۆتر. ڕەنگە ئێران ئاخرین چەکی خۆی بەکار بهێنێ و ئەوەش شەڕ دژی دراوسێکانیەتی. هەربۆیە، لە سەرەتاشەوە وتم کە ئێمە خولی یەکەممان تەواو کردووە بەڵام خەبات درێژەی هەیە. ئەستەمە پێش‌بینی ئەوە بکەین کە کاتێك ژێنراڵ سەی عەلی خامنەیی برسیەتی ، چ پەرچەکردارێك لە خۆی نیشان دەدات.

سەرچاوە:

http://english.alarabiya.net

# ڕاپەڕینی هاوینی ١٣٨٤ ی هەتاوی، پارادایمێک لە خەباتی مەدەنی

■ ناسر ساڵحی ئەسڵ

سیستمی دەسەڵاتداریی ئەمڕۆی ئێران، لە چوارچێوەی سیستمی داخراوی «کۆماری ئیسلامی»دا پێکهاتەیەکی نادێموکراتیك و نامرۆڤانەیە، چوونکە نە شیاوی ڕیفۆرم و گۆڕانکارییە، نە ئیزنی گەشەکردن و پەرەسەندنی هەمەلایەن بە کۆمەڵگا دەدات.

لەوەها سیستمێکدا بنەماکانی خەباتی مەدەنی، لە لایەن دەسەڵاتەوە یان بە تەواوی لاواز کراون یان لە لایەن دەسەڵاتەوە قۆرغ کراون. هەر بۆیە لە ئەگەری ڕاپەڕین یان ناڕەزایەتیی خەڵك بۆ سەرەتاییترین ماف و ویستە دێموکراتیکەکان، دەبێ هەزینەی گیانی و ماڵی بدەن.

نەتەوەی کورد یەکێك لە نەتەوەکانی ئێرانە، داوای بەفەرمی ناسینی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی دەکات، بەڵام دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات لە جیاتی بەفەرمی ناسینی مافەکانی نەتەوەی کورد و جێبەجێکردن و گونجاندنی لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا، ڕێگای سەرکوتکردن و بەکارهێنانی هێزی نیزامی و ڕەتکردنەوەی مافەکانی نەتەوەی کوردی لە کوردستانی ئێراندا گرتەبەر.

هەربۆیە خەڵکی کورد بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی لە هەموو شێوەکانی خەبات کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام هەمیشە لە لایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە بە ئاگر و ئاسن وەڵامی خواستە دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد دراوەتەوە.

خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران، لە پێناو وەدەستهێنانی دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بوێرانە توانیویەتی لە کەشوهەوای گونجاو لە دەرفەتەکان کەڵکی پێویست وەرگرێ.

ڕاپەڕینی هاوینی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠٠٥ی زایینی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران ئاکامی کەڵەکەبوونی ویست و داخوازییەکانی و پەرەئەستاندنی هەستی هوشیاریی و خودئاگایی نەتەوەیی و بوونی بزووتنەوەیەکی نیشتمانی و ئازادیخوازانە بە دژی سیستمی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی بوو.

خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران، لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕی ئەوساڵەدا، بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە تێرۆریزمی دەوڵەتی و تێرۆری گەورە پیاوی کورد، شەهید د.عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها دەربڕینی ناڕەزایەتیی بە بۆنەی دیاریکردنی مەحموود ئەحمەدی"نژاد وەکوو سەرکۆمار لە خۆ ئامادەکردندا بوون تا ناڕەزایەتیی خۆیان بە شێوەی مەدەنی و داخستنی دووکان و بازاڕ نیشان بدەن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەستکردن بەم مەسەلەیە، بۆ دامرکاندنی و هێنانە خواری ئاستی ناڕەزایەتی خەڵکی کورد، هەروەها چاوترسێنکردنی خەڵکی قارەمانی مەهاباد، ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕ، بۆ پێشدەستی کردن و ڕێخۆشکردن بۆ سەرکوت و خەفەقانی زیاتر، لاوێکی مەهابادییان بە ناوی «شوانە سەید قادر» دڕندانە کوشت و پاش سووکایەتی کردن بە تەرمی ناوبراو، ئەو کات دایەوە دەستی بنەماڵەکەی.

ئەو جینایەتە سامناکەی ڕێژیم، هێز و پۆتانسییەلی ڕاپەڕینی سەرانسەری خەڵکی کوردستانی ئێرانی لە هاوین ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی لێ کەوتەوە و دەرفەتی لە بار بۆ خەڵکی وەزاڵە هاتووی کوردستان و شاری مەهاباد بەتایبەت ڕەخسا.

هەربۆیە خەڵکی کوردستان لە مانگرتنی سەرانسەری داخستنی دووکان وبازاڕ لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ لە ژێر ڕێنوێنییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەشداریی چالاکانەیان کرد. خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان دەستی پێکرد و بۆ ماوەی مانگێك سەرانسەری کوردستانی ئێرانی تەنییەوە.

ڕاپەڕینی سەرانسەری خەڵکی کوردستانی ئێران ئاکامی چەند تایبەتمەندی بوو کە بریتین لە:

- بوونی بزووتنەوەیەکی دێموکراتیك و ریشەدار
- بەرزبوونەوە ئاستی خودئاگایی نەتەوەیی
- بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانی ئێران
- ئەزموونی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
- دەنگدانەوەی کێشەی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدا

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ تێکشکاندنی ڕاپەڕینی خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستان، بە هەموو هێزی خۆیەوە هێرشی کردە سەر خەڵکی بێدیفاعی کوردستان، چوونکە بە هەق ڕێژیم ترسی ئەوەی هەبوو کە ڕاپەڕین و ناڕەزایەتیی مەدەنی و دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان لە دواڕۆژدا ببێ بە بنکەیەك بۆ ڕاپەڕینی سەرانسەری و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی لێکەوێتەوە.

**ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات لە جیاتی بەفەرمی ناسینی مافەکانی نەتەوەی کورد و جێبەجێکردن و گونجاندنی لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا، ڕێگای سەرکوتکردن و بەکارهێنانی هێزی نیزامی و ڕەتکردنەوەی مافەکانی نەتەوەی کوردی لە کوردستانی ئێراندا گرتەبەر**

هەربۆیە دیترا و بینرا کە لە ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵکی ئێران پاش هەڵبژاردنی دەورەی دەهەمی سەرۆ کۆماری لە ساڵی ١٣٨٨ی هەتاویدا خەڵك لەم شێوە خەباتە کەڵکیان وەرگرت.

خەباتی مەدەنیی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئیران، پارادایمێکە بۆ یەکگرتوویی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بۆ ڕووخانی سیستمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەت لە هەلومەرج و کاتێکدا کە یەکگرتوویی، هاودەنگی و یەکڕیزی و کاری بەکۆمەڵ و جەماوەری وەکوو «پاشنەی ئاشیلی» ڕێژیمی لێهاتووە. ناڕەزایەتی و ڕێپێوانی خەڵکی بۆکان لە ڕۆژی ١ی مانگی بانەمەڕی ئەوساڵدا جارێکی دیکە نیشانی دا کە ئەگەر خەڵك یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن،دەتوانن بە باشترین شێوە، دەسەڵاتی تۆتالیتری کۆماری ئیسلامی بەچۆك دا بێنین.

پەیامی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی خەڵکی کوردستانی ئێران و ڕاپەڕینەکانی دیکەی خەڵکی کورد بۆ خەڵکی ئێران بەگشتی و بەتایبەت بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئێران ئەوەیە، بۆ سەرکەوتنی یەکجاریمان و ڕووخانی سیستمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی، دەبێ لە ڕێکخراوی «کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ»دا بە کردەوە یەکدەنگ، یەکهەڵوێست و یەکگرتووتر لە جاران، دژی ڕێژیمی تۆتالیتێری ئاخوندەکان، خەباتێکی هاوبەش لە بەرەیەکی هاوبەشدا دەست پێ بکەین و بۆ سەرخستنی خەباتەکەمان زیاتر لە پێشوو هەوڵ بدەین.

# خەسارناسیی خەباتی مەدەنی

■ ڕێبوار

**بەشی دووهەم و کۆتایی**

٥.٢. نەبوونی بەرپرسیارێتی و وڵامدانەوە:
لە پێکهاتەی ئاسۆیی سەرجەم چالاکوانان بڕیار دەدەن کە هەموویان لەگەڵ یەك بڕیار بدەن و بەرپرسیارێتیی کارەکان بە شێوەی یەکسان بە ئەستۆ بگرن. لێرەدا بڕیاردان مکانیزمێکی دیاریکراوی نیە و لە ڕاستیدا کەسی بڕیاردەر کە بەرپرسیارێتی پێ بسپێردرێ و دواتر لێپرسینەوەی لێ بکرێ، بوونی نیە. کەوایە جێگەیەك بۆ پێشکەشکردنی باسە تیۆرییەکان و پێداچوونەوە بە چالاکییەکانی ڕابردوو بە مەبەستی ئەزموونوەرگرتن و فێربوون و هەنگاونانی باشتر لە داهاتوودا نامێنێتەوە. تەنانەت کەسانی شوێندانەر و سەرۆکە سێبەرەکانیش کە بۆچوونەکانیان حاڵەتی بڕیاری گشتی بە خۆیەوە دەگرێ، لەو پێکهاتەیەدا زۆر ئاسایی دەتوانن خۆ لە بەرپرسیارێتی گێل بکەن.

٦.٢. پەرەگرتنی ناکۆکییە ناوخۆییەکان لە جیاتی ڕەخنەی بونیاتنەر:
لە ڕەوشێکدا کە ڕۆڵی یەك یان چەند تاك گەورە دەبێتەوە، پێکهاتەی دێموکرات تەنانەت لە شکڵی نارەسمیشدا ناتوانێ لە نێوان کۆمەڵ (جمع) گەشە بکا، بە هۆی ئەوە کە باس و بیروڕاگۆڕینەوە بوونی نیە. کەوایە تاکەکان یان دەبێ وەکوو فەرمانبەر و گوێڕایەڵ لە ژێر درووشمی "وەفاداری" بە ئارمان و ئامانج خەباتەکەیان درێژە بدەن و یان یاخی بن و لە هەوڵی جیابوونەوە و لقوپۆپ سازکردن و لە ئاکامدا بێ هەڵوێستیدا بن.

کەسانێك کە خۆبەخشانە چالاکی دەکەن، خوازیاری ئەوەن کە کاتێك بیر و بۆچوونێکیان هەیە، گوێیان پێ بدرێ. لە پێکهاتەی ئاسۆیی کەس بەرپرسی کۆکردنەوەی بیروڕاکان نیە. هەموو کەس بیروڕا دەردەبڕێ و هەمووان گوێی پێ دەدەن. لە وەها ڕەوشێك سیستەم، دەرهاتووی (بازدە) پێویستی نیە و لێرەدایە کە نارەزایەتیی تاکەکان پەرە دەستێنێ. ئەنجامەکەی ئەوە دەبێ کە وڵامدانەوەکان (feedback) و ڕووبەڕووبوونەوەی بیروڕاکان لە جیاتی ئەوەی کە بە شێوەی سیستماتیك و ڕەخنەی بونیادنەر پێشکەش بکرێن، بە شێوەی دڵئێشانی شەخسی خۆیان دەردەخەن. کەوایە تاکە نارازییەکان یان بە جۆرێك دەست لە کار دەکێشنەوە و یان تووشی ڕووبەڕووبوونەوەی شەخسی دەبنەوە. ئەو ڕووبەڕووبوونەوانە بەرەبەرە کەشێکی بێهیوایی و بەدگومانی ساز دەکا و بێمتمانەیی و دڵساردی لێ دەکەوێتەوە و ئەوەش بە نۆرەی خۆی خەسار دەگەیێنێ بە ورەی پێویست بۆ کاری گشتی و خۆی وەکوو بەربەستێکی جیددی بۆ کاری گشتی لێدێ.

٧.٢. لێکەوتەکانی بڕیاردانی تاکەکەسی:
گەورەبوونەوەی ڕۆڵی تاك و بڕیاردانی تاکەکەسی لە لایەکەوە دەبێتە هۆی لاوازکردنی بیرۆکراسی ـ بە تایبەت لە ڕەوشێکدا کە کۆبوونەوە و بیروڕاگۆڕینەوە بە هۆی گوشاری ڕێژیم ئەستەمە ـ و لە لایەکی دیکەوە، کاتێك کاری گشتی بە ڕێنوێنیی تاکەکەسی جێبەجێ دەکرێ تایبەتمەندییەکانی تاکی بڕیاردەر و مەبەستەکانی (انگیزەها) ئەو بە تەواوی کاریگەری لەسەر ڕەوتی کارەکە دادەنێ. لەوانەیە بۆ ماوەیەك کارەکان بە باشی بەڕێوە بچن و کێشەیەك دروست نەبێ، بەڵام ئەزموون ئەوە بە ئێمە دەڵێ کە بڕیاردانی تاکەکەسی بۆ کاری گشتی لە درێژماوەدا خەساری لێ دەکەوێتەوە. تەنانەت ئەگەر کارەکان بە باشی بڕۆنە پێش، تاکی بڕیاردەر متمانەی زۆرتری لا دروست دەبێ و ڕۆڵێکی بەرچاوتر بۆ خۆی قایل دەبێ و ڕووبەری دەسەڵاتی خۆی پەرە پێدەدا. دەسەڵاتی تاکەکەسی لەگەڵ عەقڵی گشتی ناگونجێ. ئینجا، بچووکترین هەڵەی تاکەکەسی دەتوانێ لێکەوتەی جیددی بۆ کاری گشتی ساز بکا. مەبەستە شەخسییەکانی تاکێك لەوانەیە لەگەڵ زۆربوونی دەسەڵاتی ئەو گۆڕانی بەسەردا بێ، بۆچوونی ئەو ڕەنگە تووشی هەڵە بێ. شیمانەی هەڵە و بڕیاری نادرووستی تاکەکەسی زۆرە و لەگەڵ پەرەسەندنی گرووپ و زۆربوونی ڕەهەندەکانی کاری گشتی، تێچووەکانی لێکەوتە وێرانکەرەکانی بڕیاری تاکەکەسی زۆر دەبێ. لە ڕاستیدا ڕێزگرتن لە عەقڵی گشتی و ملکەچبوون بە بڕیاری گشتی بەهایەکە کە کاتێك بخرێتە ژێر پێ، پرۆسەی کارەکان تەندرووست و دێموکراتیك نامێنێ.

٣. کولتووری سیاسی و کاریگەرییەکەی لەسەر خەباتی مەدەنی
باس و لێکدانەوە لە بابەت کولتووری سیاسیی ئێران لەو باسەدا بەو هۆیەوە دێ کە ئەو بابەتە کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی لەسەر پێکهاتنی کۆمەڵگای مەدەنی و بە دوای ئەودا خەباتی مەدەنی لە کۆمەڵگای ئێران داناوە.

کولتووری سیاسی وەکوو بەشێك لە کولتووری کۆمەڵایەتی، کۆبەندێکە لە بۆچوون و لایەنگرییەکانی نەتەوە یان نەتەوەگەلێکی نێو وڵاتێك کە سەبارەت بە سیستەمی سیاسی، بژاردە سیاسییەکان و دەسەڵاتی سیاسی بوونی هەیە و بە درێژایی مێژوو و لە پەیوەندی لەگەڵ ڕووداوە جۆربەجۆرەکانی نێو کۆمەڵگا پێکدێ و چەشن و ڕادەی پەیوەندیی خەڵك لەگەڵ سیاسەت و دەسەڵاتی سەروەر دەستنیشان دەکا. کولتووری سیاسی بەرهەمی کۆمەڵایەتیبوون و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە و لە هەر کۆمەڵگایەك لە ڕێگەی داموەزگاگەلی جۆربەجۆر کاری بۆ دەکرێ. کولتووری سیاسی تا ڕادەیەکی زۆر جێگیر و بەردەوامە و گۆڕینی، کارێکی ئاسان نیە و بۆ گۆڕینی، دەبێ گۆڕان لە سیستمی سیاسی و بژاردە دەسەڵاتدارەکان پێك بێ.

کولتووری سیاسی هەر وەك کولتووری گشتی دەتوانێ تەندرووست یان ناتەندرووست بێ. کولتووری سیاسی تەندرووست خاوەن تایبەتمەندیگەلێکی وەك تێلۆرانس و مودارای سیاسی، ڕێز و متمانەی دوولایەنە، پەسەندکردنی بەشداری و هەڵسوکەوتی لۆژیکی لەگەڵ بیروبۆچوون و لێکحاڵیبوونی سیاسی لە ئەوانی دیکە (دیگران)ە و کولتووری سیاسی ناتەندرووست بریتییە لە نەبوونی تێلۆرانس و مودارا، بێڕێزی بە بیروبۆچوون و لێحاڵیبوونی سیاسی لە ئەوانی دیکە، هەڵسوکەوتی نالۆژیکی و شەڕخوازانە لە پانتایی سیاسیدا.

کولتووری سیاسی ناڕاستەوخۆ بە واتای بوونی یەکسانی لە نێوان دەسەڵات و خەڵکە و نە بە واتای جیاوازی. دەسەڵاتەکان کاتێك ملکەچی بەڕێوەچوون و بوونی کولتووری سیاسی تەندرووست دەبن کە لەگەڵ وزەی هێزەکی مەترسیداری جەماوەر ڕووبەڕوو ببنەوە، واتە وزەیەك کە بتوانێ پرسیار لە بەرنامە دەوڵەتییەکان بکا و لە ئاراستەکردنی ڕەخنە بەرانبەر بە بژاردە سیاسییەکان نەترسێ و فێری "بۆ گوتن" بێ. کەوایە وتووێژی دوولایەنە لە نێوان دەوڵەت و خەڵك لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێکهێنانی کولتووری سیاسییە. ئەوەی کە بۆچی هەلومەرجی گونجاو بۆ بنیادنانی کولتووری سیاسی تەندرووست لە نێوان خەڵکی ئێران بە درێژایی مێژووی سیاسی پێك نەهاتووە، بەرهۆی هۆکاری جۆربەجۆرە کە لە درێژەدا باسی دەکەین.

١.٣. زۆرداری و خۆلادان لە یاسا:
کولتووری گشتی لە سەد ساڵی ڕابردوو بەهایەکی بۆ یاسا کە وەکوو یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەشەی سیاسی و کولتوورییە، دانەناوە. دیارە لە کۆمەڵگایەك کە دەوڵەت بەها بە یاسا نادا و خۆی بە یاسامەند ناو دەبا، شارۆمەندان سرووشتی دژەیاسای دەوڵەت پەسەند دەکەن، و لە ناخی خۆیان جێگیری دەکەن و لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بە کاری دێنن. لە وەها ڕەوشێك پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی لێهاتوویی تاکەکان لەبەر چاو ناگیرێ، بەڵکوو بە پێی سەلیقە و حەزە شەخسی و گرووپییەکان ساز دەبێ. هەر بەو هۆیەوە دەزگا یاساییەکان و پێکهاتەی یاسامەند و دەزگاکانی بەشدار لە کاروباری سیاسی و مەدەنی لێرەدا واتایەکی نیە و ئەوە خەسارێکی زۆر بە سازبوونی کۆمەڵگای مەدەنی و کاری گشتی دەگەیەنێ.

٢.٣. ترس لە دەسەڵات و دەوڵەت:
ترس لە دەسەڵات و خاوەندارانی وەها چۆتە نێو توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران کە بووەتە بەشێك لە کولتووری سیاسیی خەڵك. لە کۆمەڵگای ئێران بە تایبەت لە نێو بەشێکی زۆر لە فارسەکان، کەسی ترسەنۆك، وەکوو کەسێکی بە سیاسەت و زانا ناو دەبەن. خەڵکێك کە ساڵانێکی زۆر لە ژێر دەسەڵات و چاودێری دەوڵەتی تاکڕەو و زۆردار ژیابێ و خووی بە تەقییە گرتبێ و ڕۆچووبێتە نێو خۆیەوە، وەکوو بەڕێوەبەرانێکی بێمووچەی خاوەن دەسەڵاتیان لێدێ. کەوایە ڕوانینی ئێرانییەکان لە دەوڵەت ڕوانینییەکی پڕ لە ترس و بەهەیبەتە کە وەکوو دڕەندەیەك نە تەنیا دەرفەت بە سازبوونی کۆمەڵگای مەدەنی نادات بەڵکوو بچووکترین نارەزایەتییەکیش پەسەند ناکات چ بگا بە خەباتی مەدەنی و ڕێپێوان.

٣.٣. ملکەچی و خۆبەدەستەوەدان:
لە کولتووری سیاسی کۆمەڵگای ئێران، بە تایبەت لە نێو هەڵسوکەوت و ڕەفتاری زۆربەی بژاردە سیاسییەکان، ڕوانینی ڕەها بۆ بەهاکان دەبیندرێ (یان بە ڕواڵەت خۆیان وا دەردەخەن) و حەز دەکەن ئەو جۆرە ملکەچبوون و خۆبەدەستەوەدانە بەسەر کۆمەڵانی خەڵکیش داسەپێنن. لە وەها کولتوورێك چاوەڕوانی کردن بۆ تێلۆرانس و مودارا لە ڕووبەڕووبوونەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بابەتێکی بێسوودە. دەسەڵاتداران و بژاردە سیاسییەکانی ئێران لە وەها ڕەوشێکدا ناتوانن ڕێخۆشکەر بن بۆ سازکردنی هاوکارییە ڕێکخراوەییەکان و پەیوەندییە قووڵەکانی کۆمەڵایەتی تا بتوانن داکۆکی لە سازبوونی داموەزگاکانی بەشدار لە کاروباری یاسایی بکەن. لە ئەنجامدا کۆمەڵانی خەڵك شوێنێکیان بە دەستەوە نامێنێ بۆ فێربوونی کاری گشتی و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی و خەبات لە پێناویدا.

٤.٣. لاساییکردنەوە و عەقڵانی بیرنەکردنەوە:
لاساییکردنەوە و باوەڕ بە تەقدیر و پێداگری لەسەر نەریتی وێژەیی (نقلی)، مرۆڤ لە بیرکردنەوەی عەقڵانی و ئیمکانات و توانا هێزەکی و کردەکییەکان و هەروەها حیسابگەری کاروباری شەخسی و سیاسیی خۆی دوور دەخاتەوە و تووشی ئەفسانە و بیروباوەڕی پڕوپووچی دەکات. سروشتییە لە کۆمەڵگایەك کە بژاردە سیاسییەکانی تەقدیرگەرا و دژەعەقڵن، تاکەکان خۆ لە کاری هاوبەش و بەشداری لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان نادەن و دەستێوەردان لە کاری سیاسی بە شتێکی باش لێك نادەنەوە. بەو هۆیەوە بەستێنی پێویست بۆ بەرهەمهێنان و گەشەی نەریتگەلی بەشداری و هاوکارییە گشتی و نەتەوییەکان نەزۆك دەبێ و تاکڕۆیی وەکوو تایبەتمەندیی بەرچاوی کولتووری کۆمەڵایەتی لێ دێ.

پەرەسەندنی لاساییکردنەوە کە خاڵی بەرانبەری بەرهەمهێنان و نوێخوازییە و هەروەها پەرەسەندنی نەریتی وێژەیی لە نێوان بژاردە سیاسییەکان لێکەوتەگەلی نەرێنی و قەرەبوونەبووی کولتووری لێدەکەوێتەوە و بەربەست لە بەردەم گۆڕانکاری و گەشەی عەقڵانییەت و بیرکردنەوەی عەقڵانی ساز دەکا. چاوەڕوانی بۆ فرەچەشنی و پلۆرالیزمی ئەندێشە و بیروڕاکان لە وەها کۆمەڵگایەك و لە نێوان مرۆڤی ئاسایی و بژاردەکان کارێکی بێسوودە. کەوایە گرووپ و دەستەکان شوناسی سەربەخۆ بۆ خۆیان پێناسە ناکەن و پڕوپاگەندا بۆ گوێڕایەڵی و ملکەچی سەرۆك و حەزلێکراوی (مطبوع) خۆیان دەکەن.

٤. حیزبە کوردییەکان و پێویستیی چالاکی نواندنی زیاتری ئەوان لە هەمبەر خەباتی مەدەنی

خاڵی جێی باس لە پەیوەندی لەگەڵ حیزبە کوردییەکان ئەوەیە کە ئەو حیزبانە و تەنانەت هەموو حیزبێکی سیاسی بەری لە هەڵە و کەموکوڕی نین و بەشێك لەو خەسارانەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنی و چالاکوانە مەدەنییەکان و بە گشتی خەباتی مەدەنی نێوخۆی کوردستان ناومان بردن، لە نێو حیزبە کوردییەکانیش بوونیان هەیە و لە هەلومەرجی ئێستای کوردستان ئەم کێشانە خەساری زۆریان بە ڕەوتی ڕزگاریخوازی و خەباتی سیاسی و مەدەنی کوردستان گەیاندووە، بەڵام ئەو حیزبانە بە هۆی ئەزموونی زۆر و کەشی ئازادانەتر و ڕێکخستن و کاری پرۆفشناڵی ئەندامان و لایەنگرانی ئەوان زۆر باشتر و خێراتر دەتوانن بەسەر ڕووداوە پێشهاتووەکانی نێوخۆدا زاڵ بن و خەڵك بۆ خەباتی مەدەنی و کاری گشتی یارمەتی بدەن. لە ڕاستیدا زۆر لە خەڵکی کوردستان چاوەڕوانیی یەکجار زۆریان لە حیزبە کوردییەکان بۆ دەستێوەردان و تێوەچوون لە هەمبەر ڕووداوەکانی نێوخۆی کوردستان هەیە، بێ ئەوەی کە خۆیان ئامادە بن کارێکی ئەوتۆ بکەن. هەڵبەت چاوەڕوانی هەندێك لەوان دەگەڕێتەوە سەر ئەو باوەڕە کە ئەوان حیزبە کوردییەکان وەکوو نوێنەرانی ڕاستەقینە و هەڵبژێردراوی خۆیان دەزانن و هەڵوێست و دەستێوەردانی ئەوان بە هەڵوێست و دەستێوەردانی خۆیان دەزانن. پشتیوانیکردن لە هەڵوێستە سیاسییەکانی حیزبە کوردییەکان کە ژیانیان بۆ خەبات لە پێناو ئارمانەکانی خەڵکی کوردستان تەرخان کردووە زۆر جێی ڕێزە و پشتگەرمییە بۆ خەباتکارە حیزبییەکان، بەڵام ئەوە نابێ ببێت بە خۆلادان لە هەستی بەرپرسیارێتی و سپاردنی سەرجەم ئەرکەکان بە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکان، بە تایبەت لە ڕەوشێکدا کە چالاکی یاسایی ئەو حیزبانە لە کۆمەڵگای کوردستان ئیمکانی نیە و دەسپێڕاگەیشتنی ئەوان بە کۆمەڵانی خەڵك پەیوەستە بە پەیوەندیگرتن و چالاکی نواندنی تاك بە تاکی خەڵکی کوردستان.

بە هەر حاڵ لەگەڵ سەرجەم ئەو چاوەڕوانییە درووست و نادرووستانە دەبێ بگوترێ کە حیزبە کوردییەکان کە ئەمڕۆ لە خەباتی چەکداری کەڵك وەرناگرن و لە پانتایی سیاسیدا خەبات دەکەن، زۆر پێویستە کە وێڕای خۆتەیارکردن بە کەرەسە و ئامرازەکانی پەیوەندی و زانیارییەکان، هەموو کات لە ئامادەیی باش بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران بن. حیزبەکان دەتوانن بە پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان لە نێوخۆی کوردستان زۆر خێرا و بە باشی لە هەواڵ و ڕووداوەکان ئاگادار ببنەوە و لە ڕێگەی میدیا حیزبییەکان سەرجەم خەڵکی کوردستان لە نێوخۆ و دەرەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بکەنەوە. خاڵی گرنگ لە بابەت کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵەکان ئەوەیە کە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکان و بە گشتی کەسانی هەواڵنێر دەبێ خۆیان بە ئامرازە نوێیەکانی هەواڵنێری وەکوو تۆڕی ئینتێرنێت تەیار بکەن و حیزبەکان تا دەتوانن دەبێ لایەنی ئەمنییەتی ئەو کەسانە بپارێزن و بەم جۆرە لە لایەکەوە پیلانەکانی ڕێژیم بۆ دەستبەسەرکردنی چالاکوانە سیاسی و مەدەنییەکان پووچەڵ بکەنەوە و لە لایەکی دیکەوە هەواڵ و زانیاریی درووست لە هەمبەر ڕووداوەکانی کوردستان بە خەڵك بگەیەنن و ئەوان بۆ هەڵوێستگرتن و چالاکی نواندنی هێمنانە ئامادە بکەن.

خاڵێکی گرنگی دیکە لەو پەیوەندییەدا ئەوەیە کە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە بەرانبەر ڕووداوە نێوخۆکانی کوردستان و ئێران دەبێ هەوڵ بدەن هەڵوێستی یەکگرتوو و ڕوونیان هەبێ و بەرژەوەندیی نەتەوەیی لەبەر چاو بگرن و بەو جۆرە یەکڕیزی خەڵکی کردستان بپارێزن.

میدیا حیزبییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کەموکوڕی زۆریان پێوە دیارە و ئەوە بە هۆی بێپارەیی و بێئیمکاناتی ئەوانە. حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات یەکجار زۆر و لەمێژە لە باشوور تێکۆشانیان سنووردار کراوەتەوە و لە چوونەوە بۆ کوردستان و پەیوەندیگرتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵات بێبەش کراون. دیارە ئەوەش بە هۆی بیانوو بەدەستەوەنەدان بە ڕێژیمی ئێرانە کە هێرش نەکاتە سەر کوردستانی باشوور. حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ئیمتیازی یەکجار زۆریان بە باشوور داوە، بەڵام هیچ دەسکەوتێکیان بە دەست نەهێناوە. دیارە ئەگەر بە پێی بەرژەوەندیی کوردستانی گەورەش (چوار پارچە) هەڵسوکەوت بکەین، نابێ پاراستنی بەرژەوەندیی بەشێك لە کوردستان بە نرخی لەنێوبردن و لاوازکردنی بەرژەوەندیی بەشە گەورەکانی دیکەی کوردستان لێك بدەینەوە و خەباتی سیاسی و مەدەنی ئەو بەشانە لەبەر چاو نەگرین. کاتێك حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ئامادەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی باشوور بەشێکی زۆر لە چالاکییەکانی خۆیان بوەستێنن، ئیدی ڕەوا نیە باشوورییەکان یارمەتی ماددی حیزبەکانی ڕوژهەڵات بۆ بەڕێوەبردن و پێشخستنی خەباتی سیاسی و مەدەنی و گەشەی میدیای کوردی لەو بەشە لە کوردستان نەدەن. لە ڕاستیدا ئەوان دەبێ بە دیدێکی نەتەوەیی و بەرپرسانە بڕواننە ڕووداوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە یارمەتیدان بە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات گومان نەکەن، چونکە بەهێزکردنی کۆمەڵگا و خەباتی سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەڵات دواتر دەتوانێ بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی کوردی و بەهێزکردنی لایەنی کوردی لە یارییە ناوچەییەکان کاریگەری زۆر دابنێ.

لە کۆتاییدا ئەوەی بۆمان دەردەکەوێ ئەوەیە کە خەباتی مەدەنی لە ئێران و کوردستان لە شێوەی هەنووکەدا دیاردەیەکی تا ڕادەیەك نوێیە و کەموکوڕی زۆری هەیە. هەنووکە کۆماری ئیسلامی سەرجەم هەوڵەکان بۆ سەرکوتکردن و پێشگرتن بە بەڕێوەبردنی ئەو چەشنە خەباتە خستووەتە گەڕ. ئەم ڕێژیمە خەباتی مەدەنیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران وەکوو سەرەتایەك بۆ دووبارەکردنەوەی خەباتی سیاسی و داواکارییە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان و ئێران دەبینێ. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی بە هۆی پێکهاتەی مۆنیزمی و وەحدەتگەرایانەی خۆی و جێگیربوونی باوەڕی قودسی و خورافەپەرەستانە لە نێو زەینی بژاردە سیاسییەکانی، پێش بە کاری گشتی و خەباتی مەدەنی دەگرێ و ڕێگە بە سازبوونی ڕێکخراوە مەدەنییەکان نادات. یارمەتی و چالاکی زیاتری حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و پشتیوانی لە خەباتی مەدەنی خەڵکی کوردستان بەرگێکی زێڕینە بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی پاوانخواز و سەرەڕۆ بە تایبەت لە کاتێکدا کە هاودەنگی و یەکڕیزی و کاری گشتی وەکوو "پاشنەی ئاشیلی" دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی لێهاتووە. خۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵکی بۆکان لە ڕۆژی یەکی مانگی گوڵان، جارێکی دیکە نیشانی دا کە ئەگەر خەڵك وەبەر خۆی بخات و حیزبەکان پشتیوانی لێبکەن و دەنگی بڵاو بکەنەوە، دەتوانن زۆر بە باشی دەسەڵاتی سەرەڕۆ بە چۆك دابێنن و ملکەچی ویست و داخوازییەکانی خۆیانی بکەن.

بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 585 ▪ 21 July 2012

رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

